https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.17

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆ

پ. ی. د. آراز حکیم رضا        سعدالدین حسن انور

زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر        زانکۆی سۆران

Araz.radha@su.edu.krd        Sahdadin.anwar@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا زانینی ئاستی هەریەک لە گۆڕاوەکانی ئاسایشی دەروونی، دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆی سۆران، هەروەها زانینی پەیوەندی لە نێوان ئەم سێ گۆڕاوەدا. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆی سۆران و نموونەی توێژینەوە لە (٥٣٢) قوتابی پێکدێت. لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشت بە میتۆدی وەسفی و چەندێتی بەستراوە و داتاکان لە ڕێگەی بەرنامەی (SPSS) دەرهێندراون و شیکراونەتەوە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیان دەرخستووە کە ئاسایشی دەروونی لای نموونەی توێژینەوە نزمە، هەروەها نموونەی توێژینەوە بە ئاستێکی نزم هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتوو دەکەن. لەبەرانبەردا ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە پیشاندەدات کە نموونەی توێژینەوەکە ئاراستەیان بەرانبەر بە کۆچکردن بەڵگەداری ئامارییە و نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی نزم ئاراستەیان بەرانبەر بە کۆچکردن هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکانی ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بەڵگەداری ئامارییە. لە کۆتاییدا توێژەر بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکی بۆ لایەنی پەیوەندیدار خستۆتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** ئاسایشی دەروونی، دڵەڕواکێی داهاتوو، ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن.

## ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆ

### بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

پرسی ئاسایشی دەروونی، یەکێکە لەو پرسە گرنگ و کاریگەرانەی کە لە ژیانی مرۆڤدا پێگەیەکی سێنتەری دەگێڕێت، چونکە وابەستەیە بە هەموو ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤ، بە چەشنێک کاتێک مرۆڤ هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی لەدەستدەدات یاخود لاوادەبێت لای، ئەوا خواست و ئارەزووەکانی دەکەونە ژێر هەڕەشە و ناتوانێت بە ئاسانی چێژ لە ژیان وەربگرێت، بۆیە دەکرێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەروونی پەنا بباتە بەر هەندێ ڕەفتار و بیرکردنەوە، ئەویش بەو مەبەستەی بتوانێت خواستەکانی خۆی تێربکات. لە بەرانبەر ئەوەشدا کاتێک ناسەقامگیری لە هەستکردنی بە ئاسایشی دەروونی بۆ دروستدەبێت، و هەستکردنەکەش بەردەوامی دەبێت، دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی دوودڵی لەلای تاک و سەرەنجام تاک لە بەرانبەر داهاتووی خۆیدا هەست بە دڵنیایی نەکات، کە ئەمەش لە داهاتوودا دەکەوێتە دۆخێکی تری مەترسیداری دەروونییەوە کە بە دڵەڕاوکێی داهاتوو دەناسرێتەوە.

دواتریش کاتێک مرۆڤ هەست بە ئاسایشی دەروونی لەدەستدەدات و لە ئایندەی خۆشی دەکەوێتە دوودڵییەوە، ئەوا دەکرێت تاک وەکو میکانیزمێک بۆ دەربازبوون لە وەها دۆخێک بیر لە هەندێ ڕێگە و شێواز بکاتەوە کە دەکرێت دروستبوونی ئاراستە بەرەو کۆچکردن یەکێک بێت لەو میکانیزمانە، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتوانێت لە شوێنێکی دیکە

ویست و خوستەکانی بەبێ هیچ هەڕەشەیەک دەستەبەربکات و لە ئایندەکەشی دڵنیاییەک وەدەستبخات.

کاتێک مرۆڤ لە وڵاتێکی بێگانەیە بیر لە خێزانی خۆی دەکاتەوە و دووریی دایک و باوک و خزمان و دۆستان جۆرێک لە گرفتی کۆمەڵایەتی بۆ دروستدەبن لەگەڵ ئەم جۆرە بیرکردنەوە گرفتی دەروونی وەک خەم و دڵەڕاوکێ لای پەیدا دەبێت کە بۆی زۆر قورس دەبێت تا لێی دەربازبێت.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت کە ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە پێداویستییە دەروونییە هەرە سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێک، کاتێک ئەم پێداویستییە تێرنەکرا، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک هەست بە دڵەڕاوکێ بەرانبەر بە داهاتوو لەلای دروست ببێت، بۆیە لە نەبوونی دڵنیایی لە ئایندە و ئاسایش، دەکرێت تاک بیر لە جۆرێک لە ڕەفتار بکاتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو دۆخە نادڵنیایی و ئاسایشە، یەکێک لەو جۆرە ڕەفتارانەش دەکرێت بیرکردنەوە بێت لە کۆچکردن، بۆیە ئەوەی وەکو پرسیاری سەرەکی لەم توێژینەیەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، کە ئایا ئاسایشی دەروونی تاچەند کاریگەری لەسەر دڵەڕاوکێی داهاتوو و بیرکردنەوە لە کۆچکردن لەلای گەنجان دروستدەکات؟

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:**

توێژەرەران لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدەن گرنگی و بایەخی گۆڕاوەکانی (ئاسایشی دەروونی)و (دڵەڕاوکێی داهاتوو) و (ئاراستە بەرانبەر کۆچکردن)، و کاریگەرییان لەسەر قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری وەک گەنجان دەربخەن، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران گرنگیی توێژینەوەکەیان لە دوو لایەنەوە دەبینن و بەم شێوەیە دەیانخەنەڕوو:

**گرنگیی توێژینەوەکە لەلایەنی تیۆری:** لە ڕوانگەی تیۆرییەوە ئەم توێژیەنەوەیە دەبێتە سەرچاوەیەکی دیکەی زانستی، کە شرۆڤەی هەر یەک لە گۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە کە لەخۆیگرتووە بە شێوەیەکی تێروتەسەل دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی تیۆریی گرنگ بۆ خوێنەران. هەروەها بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و بەکارهێنانی پێناسە و تیۆری زانایان و سوودبینن لە توێژینەوەکانی پێشوو، وا دەکات بەرچاوی خوێنەران ڕوونتر و ئاسانتر بێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە هەرسێک گۆڕاوەکانی توێژینەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی لەم شێوەیە بە زمانی کوردی لە بواری دەروونزانیدا، دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی بۆ نێو کتێبخانەی کوردی و خوێنەران و حەزلێکەرانی ئەم بوارە و شوێن و بەشەکانی تر.

**گرنگیی توێژینەوەکە لەلایەنی پراکتیکی:** لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو داتا و زانیارییانەی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەیەکەی دەستیکەوتوون بە پراکتیک دەستنیشانی دۆخەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوە بکات و ئەو ئەنجامە ببێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەم بوارەوە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە زانینی:

ئاستی ئاسایشی دەروونی لەلای قوتابییانی زانکۆی سۆران.

ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لە لای قوتابییانی زانکۆی سۆران.

ئاستی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆی سۆران.

پەیوەندی لە نێوان هەریەک لە گۆڕاوەکانی ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆی سۆران.

**چوارەم: سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە قوتابییانی زانکۆی سۆران (بەیانیان- ئێواران)، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

**پێنجەم: ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: ئاسایشی دەروونی:**

**(الحفني١٩٧٨):** "پێوستییەکی دەروونییە کە ئامانج لە هەبوونی بۆ تاک پاراستنی تاکەکەیە، بەو مەرجەی کە ڕازیبوونی تاکە لە بەدەستهێنانی پێداویستییە بایۆلۆژی و دەروونییەکانی هەبێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوسەنگی لەگەڵ خەڵکیدا" (عبدالله، ٢٠١٠، ل٣٦٦).

**(Kerns,et.al,1996)** "هەستکردنی تاکە بەوەی کە خۆشەویست و قبوڵکراوە لە لایەن ئەوانی تر، و بۆی دەردەکەوێت کە ئەوانی تر بۆ دەروونی ئەو لە ژیانیدا گرنگن، لەگەڵ هەبوونی چاودێری و پاراستن و پشتگیرکردنی لە کاتی بوونی قەیران" (خطاب، ٢٠١٧، ل٤٦٠_٤٨٢).

**(البدراني ٢٠٠٤):** "بریتییە لە هەبوونی ئارامی و سەقامگیری بۆ تاک و نەبوونی ترس لە بارودۆخەکانی ژیانیدا" (البدراني،٢٠٠٤، ل١١).

**پێناسەی تیۆریی ئاسایشی دەروونی:**

توێژەران پێناسەی ئاسایشی دەروونی دەکەن لە ڕووی تیۆرییەوە بەوەی کە، بریتییە لە دڵنیایی دەروونی و سۆزداری و مەرجێکە کە

تێربوونی پێداویستییەکان مسۆگەر بێت و لە مەترسیدا نەبێت و ئاسایشی دەروونی پێکهاتەیەکی متمانەبەخۆبوونە لەگەڵ بوونی ئنتیما بۆ لایەن و گروپێکی کۆمەڵایەتی کە تێدا هەست بە ئەمان بکات.

**پێناسەی کرداریی ئاسایشی دەروونی:**

توێژەران پێناسەی ئاسایشی دەروونی دەکەن لە ڕووی کردارییەوە بەوەی کە بریتییە لە: کۆی ئەو نمرانەی قوتابییانی زانکۆی سۆران بەدەستدەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی بەکارهێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**دووەم: دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

**(Kirmayer et al, 1995):** "ئەزموونێکی سۆزداریی ناخۆشە لە ئەنجامی بیرخستنەوەی چالاکی یان ڕەفتارێک ڕوودەدات، کە بەستراوە بە ئاڕاستەکردن یان بەدواداچوونی داهاتوو بەرەو ئەو شتەی کە تاک پێشبینیدەکات ڕووبدات، ئەم ئەزموونە لەگەڵ دوودڵی و تەنگانە و نائارامیدا هەیە کە ڕێگا لە تاک دەگرێت لەگەڵ ژینگە بگونجێت" (Kirmayer et al, 1995, p. 503).

**(علی، ٢٠١٦):** "بریتییە لە هەستێکی ناخۆش و دووبارەی هەڕەشەئامێز یان خەمێکی گەورە و نەبوونی سەقامگیری و گرژی و ترسێکی نادیار و بەردەوام لە ڕوانگەی بابەتییەوە پاساوی بۆ دەهێنێت و بەردەوام ترسی لە داهاتووی شتە نەزانراوەکان هەیە" (علی، ٢٠١٦، ل١٠٣).

**(أمینة، ٢٠١٥):** "بریتییە لەو دڵەڕاوکێیەی کە بەهۆی بیرکردنەوەی ناعقلانی دروستبووە و ترس لە داهاتوو و هەمیشە بیرکردنەوە و پێشبینیی ڕووداوی ناخۆش لە داهاتوودا" (أمینة، ٢٠١٥، ل١٤).

**پێناسەی تیۆریی دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

توێژەران پێناسەی دڵەڕاوکێی داهاتوو دەکەن لە ڕووی تیۆرییەوە بەوەی کە بریتییە لە حاڵەتێکی سۆزداریی ناخۆشە، کە جاروبار لە تاکدا ڕوودەدات و هەستکردن بە تووڕەیی و بێزاری و ترسێکی بەردەوام و خەم و پەژارە و لەدەستدانی ئاسایش و پێشبینی مەترسییەکی نادیار لە داهاتوودا.

**پێناسەی کرداریی دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

توێژەران پێناسەی دڵەڕاوکێی داهاتوو دەکەن لە ڕووی کردارییەوە بەوەی کە بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی قوتابییانی زانکۆی سۆران بەدەستدەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووی بەکارهێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**سێیەم: ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن:**

**(شجادە، ٢٠٠٨):** "بریتییە لە ئارەزووی تاک بۆ وازهێنان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی و کۆچکردن بۆ ژیان بەسەربردن لە وڵاتێکی تر، لەگەڵ بوونی ویستی مانەوەی لە شوێنێکی نوێ لە ماوەیەکی درێژ و درێژتر لە سەردانیکردن یاخود گەشتکردن بۆی" (شجادە، ٢٠٠٨، ل٧).

**(سعید، ٢٠١٢):** "بریتییە لە بارودۆخێکی سۆزداری لە پشت ئارەزووی تاک یاخود کۆمەڵ بە گواستنەوەی لە نیشتیمانی خۆی بەرەو نیشتیمانێکی نوێ و چەندین هۆکار هەڵدەبژێرن لەوانەیە سیاسی یاخود کۆمەڵایەتی یان ئابووری بن (سعید، ٢٠١٢، ل١٠).

**(مصطفى،٢٠١٩):** "بریتییە لە پڕۆسەی بەجێهێشتنی وڵات لە لاین تاکەوە بەرەو ولاتێکی تر، بە ئامانجی جیگیربوون تێیدا و گەیشتن بە

قەناعەت و سووربوون بۆ ئەنجامدانی کار تێیدا، چ بە هۆکاری دەروونی یان کۆمەڵایەتی یاخود ئابووری و سیاسی" (مصطفی،٢٠١٩، ل٥).

**پێناسەی تیۆری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن:**

تویژەران پێناسەی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن دەکەن لە ڕووی کرداریییەوە بەوەی کە بریتییە لە ڕۆیشتنی خۆویستانەی تاکێک لە شوێنی ئەسڵیی خۆی بۆ شوێن و وڵاتێکی تر و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی کارکردن یان خوێندن و دامەزراندن بە شێوەیەکی هەمیشەیی یان کاتی.

**پێناسەی کرادری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن:**

تویژەران پێناسەی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن دەکەن لە ڕووی کرداریییەوە بەوەی کە بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی قوتابییانی زانکۆی سۆران بەدەستدەهێنێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردنی بەکارهێنراو بۆ ئەم مەبەستە.

**بەشی دووەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم: چوارچێوەی تیۆری:**

**چەمکی ئاسایشی دەروونی:**

چەمکی ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە چەمکە تێکەڵەکانی دەروونی لەگەڵ چەمکەکانی تری دەروونی وەک ئارامبوون و سۆزادری و ئاسایشی خودی و خۆگونجاندن و ڕازیبوونی لە خود و تێگەیشتنی ئەرێنیی خود و هاوسەنگیی سۆزداری.... هیتد دێت، کاتێک باس لە چەمکی ئاسایشی دەروونی دەکرێت لە ڕاستیدا جیاوازیی زۆر بەدیدەکرێت لەگەڵ چەمکەکانی تری وەکو دڵەڕاوکێ و ناکۆکی و بێمتمانەیی و پیشبینیی ترسناک و هەستکردن بە پەستان و هەستکردن بە

گۆشەگیری و ... هیتد. تا ئەو ڕادەیەی کە زەحمەتە سنوورەکانی لەگەڵ یەک ڕوونبکەینەوە (سعد، ١٩٩٩، ل١٥).

هەروەها چەمی ئاسایشی دەروونی دەکرێت بەوە پیناسەی بکەین کە دۆخی کۆمەڵگایەکە کە بۆ تاک ئارامی و گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هاوسەنگیی ئەمنی تێدا هەبێت بۆ تاک، کە لە لایەن کۆمەڵگایەکەوە دەدرەوشێتەوە و بەرقرار دەبێت بۆ تاک لە ڕووی ئاسایشی دەروونی، هەروەها هەستکردنی تاکە لەو کۆمەڵگایەی کە تێدا دەژیت هەست بە ئەمن و ئارامی بکات و وا بیربکاتەوە کە بەرژەوەندییەکانی لە ئەماندایە و ئەویش بەگوێرەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و بەهاکانی ڕەفتاردەکات، بەمەش هەم تاک لە خۆی و لە کۆمەڵگاکەی ڕازییە و بە پێچەوانەشەوە (زاید،٢٠٠٢، ل٧).

(ماسلو) پێناسەی ئاسایشی دەروونی کردووە و دەڵێت: کە هەستی تاکە کەوا هەست بکات خۆشەویستیە و خوازراوە لە لایەن ئەوانی تر و شوێنی هەیە لە نێوانیاندا و بۆی دەربکەوێت کە ژینگە هاوڕێ و دۆستی ئەوە و هەست بە مەترسی و دڵەڕاوکێ نەکات (جبر،٢٠١٥،ل١٢٧٨).

لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایشی دەروونی دەلالەتێکە بۆ ئەو چالاکییانەی کە لە لایەن سیستەمی دەروونی بەکاردێت بۆ کەمکردنەوە یان نە هێشتنی فشار و هەستکردن بە ئاسایشی دەروونی، ئاسایشی دەروونی پێی دەگوترێت ئاسایشی سۆزداری و ئاسایشی تاکەکەسی و ئاسایشی تایبەت و پەیژەی ئاسایش، ئاسایشی دەروونی یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی بواری تەندروستیی دەروونی، لە کاتێکدا پەیوەندییەکی باش هەیە لە نێوان ڕەوتە ئاینییەکان و هەستی ئاسایش و هەروەها ئاسایشی دەروونی فاکتەرێکە لە فاکتەرەکانی تاکەکەسی کە تەندروستیی دەروونی دیاریدەکات (نورالدین،٢٠١٧،ل٢١_٢٢).

**تیۆرەکانی ئاسایشی دەروونی:**

**یەکەم: تیۆری ماسلۆ:**

ماسلۆ پێویستیی ئاسایشی ناساند کاتێک سیستەمی پێویستی بە پلەپلە پەرەپێدا لە هەرەمەکەیدا، لەسەر ئەو بنەمایەی کە پێویستییەکان لە پلەیەکی پلەبەندیی ئەولەویەت و هێزدا ڕێکدەخرێن، پێویستی سەرەتایی و ڕەمەکییەکان یاخود فیسۆلۆژییەکان ڕاستەوخۆ و لەپێشینەی دڵخۆشی و پێویستیی پلەبەندییەکانی ئاسایش دووەمە لە ڕووی گرنگییەوە پێویستە یەکەمیان تێربێت واتە پێویستییە فیسۆلۆژیەکان کە بنچینەی ئەم هەرەمە نیشاندەدات و بە دوایدا پێویستیی ئاسایش و پاشان پێویستی بۆ ئینتیمای نیشتیمان و پێویستیی ڕێزگرتن و پێوستیی زانین و مەعریفی و پێویستی بۆ جوانکاریی خودی و لە کۆتاییدا پێویستی لە بەدیهێنانی خود (عبدالله،٢٠١٠،ل٣٧٣).

پێویستیی ئاسایش گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەدیهێنانی گەشەی تەندروستانەی تاکدا کە تێیدا ماسلۆ لەو بڕوایەدایە کە گونجانی تاک لە ماوەی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەسەندنی خۆی پەیوەستە بە چۆنێتیی هەستکردن بە ئاسایش، کاتێک منداڵێک هەستی ئەمنیەتی و ئاسایشی هەبوو، ئەمە وا لە منداڵەکە دەکات کە هەست بە بوونی خۆی بکات لە ژینگەی خۆی و دەوروبەرەکەی، ئەمەش دەبێتە چەمکێکی پۆزەتیڤی خودی خۆی و بە پێچەوانەشەوە لە دەستدانی هەستی ئاسایش دەبێتە هۆی نەگونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەستێکی ئەمنیەتی لە سێبەری میتۆدەکانی کۆمەڵایەتیبوون لەسەر بنەمای گەرموگوڕی و نەرمی و ئاگادارکردنەوەی منداڵەکە کە شیاوە نابێت، لەکاتێکدا بێبەشبوونی لە میهرەبانیی دایک و باوک و شێوازی چاودێری و پەروەردە و ڕەتکردنەوە یان فەرامۆشکردن سەرچاوەی سەرەکیی لەدەستدانی هەستی ئاسایشن لە لای تاکەکە (المفتي،٢٠٠٥،ل٥٩٨).

**دووەم: تیۆری بۆڵبی (Bowlbey):**

بۆڵبی کاریگەریی تێکشکانی زۆری بۆندەکان دەردەخات لە پەیوەندیی دایک و باوک و منداڵ لەسەر گەشەکردن و ڕێکخستنی ویژدان، منداڵ کە لە دایک و باوکی نزیکدەبێتەوە داوای یارمەتی و پشتیوانیی سۆزداری لێیان دەکات، کاتێک هەست بە هەڕەشە دەکات و لەبەر ڕۆشنایی وەڵامدا دایک و باوکان شێوازی  هاوپێچی منداڵەکە پێکدەهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و ئەوانی تر، بۆیە کێشەکانی وابەستەیی لە منداڵیدا بۆ قۆناغەکانی گەشەکردن بەردەوام دەبێت، بنەمای گونجانی کەسی و کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. (العبيدي و الساعدي، ٢٠١٥، ل٥٣٥).

ئەم جۆرە هاوپێچییە وەک فاکتەرێک بۆ پێشبینیی گەشەکردنی هەستی ئاسایش خزمەت دەکات کاتێک ئێمە منداڵەکە بە شێوەیەکی ئەرێنی کاردانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە گرنگی پێ دەدەن تەنانەت لە ژینگەی نائاشناشدا هەستی ئاسایش نیشاندەدات و گەشەدەکات و ئەم هەستە ئەمنییە بە قۆناغ پەرەیپێدەدات و گەشەدەکات ئەم هەستە ئەمنییە وەک بەشێک لە بوونی منداڵەکە دەناسرێتەوە و سەلامەتتر دەبێت کاتێک دەچێتە ناو دنیای دەرەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا پێکدێنێت و گەڕان و پەروەردەکردن  ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت. یەکەم ئەزموونی هاوپێچ لە بەرهەمهێناندا هەستێکی ئەمنییە. کاردەکاتە سەر پڕۆسەی دروستکردنی مۆدێلێکی ناوەکی خۆی و ئەوانی تر کە کار دەکاتە سەر هەردووک ڕێکخستنی ویژدان و پەیوەندییەکانی داهاتوو، کەواتە گەشەی هۆشیاریی سۆزداری و لێهاتوویی، ڕێکخراوی ویژدان کە لە ڕێگەی پڕۆسەی هاوپێچییەوە ڕوودەدات دەبێتە هۆی هەستێکی ئەمنی **(السهوب، ٢٠١٧، لا. ١٣).**

بیردۆزی بۆلبی کاریگەریی تێکشکانی زووی بۆندەکان دەردەخات لە پەیوەندیی دایک و باوک و منداڵ لەسەر گەشەکردن و ڕێکخستنی ویژدان، منداڵەکە لە دایک و باوکی نزیکدەبێتەوە داوای یارمەتی و پشتیوانیی سۆزداری دەکات کاتێک هەست بە هەڕەشە دەکات و لەبەر ڕۆشنایی وەڵامدا دایک و باوکان شێوازی هاوپێچی منداڵەکە پێکدەهێنن و لکێندراوەکان لە منداڵدا بنکەیەکی پارێزراو دروستدەکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگە و ئەوانی تر، بۆیە کێشەکانی وابەستەیی لە منداڵیدا بە قۆناغەکانی گەشەکردن بەردەوام دەبێت و بنەمای تەوافوقی شەخسی و کۆمەڵایەتی پێکدێنێت. **(خطاب،٢٠١٧،ل٤٧٥_٤٧٦).**

## چەمکی دڵەڕاوکێ داهاتوو:

مەبەست لە دڵەڕاوکێی داهاتوو بریتییە لە حالەتێکی سۆزداری بە ئازار بۆ تاک، کاتێک دەردەکەوێت تاک هەست بە شڵەژاوی دەکات سەبارەت بەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە ئایندە و داهاتووی ژیانیەوە هەن (کاظم، ٢٠١٩، ل٢٦١).

دڵەڕاوکێی داهاتوو هەندێک جار حاڵەتی سۆزدارییە کە هەستی پێ ناکرێت، کاتێک تاک بیر لە داهاتوو دەکاتەوە لە بەرانبەر ئەوەدا لە خێزانەکەی هەڕەشەی لێدەکەن ئەوا تاک لە بیر و چاوەڕوانیی داهاتوو بێدەنگدەبێت، لەدواییدا هەستی کەمی و ڕەشبینی و ناڕەزایی و نەبوونی دڵنیایی و متمانەبەخۆبوون لە داهاتوو و ترس و بێدەستهەڵاتی لە تاکەکەدا سەرهەڵدەدات و ڕەگدەچێنێت، هەروەها نەبوونی هیوا بە داهاتوو و ترس لە کێشەکانی کۆمەڵگا و ئابووری چاوەڕوانکراو لە داهاتوودا، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ دروستبوونی گرفتی دڵەڕاوکێ و نیشانەکانی وەکو نیشانەی لەش و سەر ئێشە و سووربوونەوە و ئارەقکردن و لاوازیی گشتی و لەدواییشدا دەرکەوتن و دروستبوونی دڵەڕاوکێی داهاتوو (زاید،٢٠١٤،ل٤).

لەبواری ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خێزان و خوێندندا بەرەوپێشچوونی خێرا و گۆڕانکاریی بەردەوام، کە ئەم چەرخە جودادەکاتەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕوودەدات و پێیدا تێپەڕ دەبێت بێ کێشە و گرفت نین، هەموو ئەمانە لە وانەیە خەمی داهاتوو لە نێو ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دروستبکات وەک ترس و دڵەڕاوکێ و تەنگەژە، و ئەم گۆڕانکارییە کە بارودۆخ بۆ تاکی هێناوە ناجێگیرە و وا دەکات تاک هەست بە نائارامی و ڕاڕایی بکات و نیگەرانییەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای زیاتر بێت، (رابا بورت) ئاماژە بەوە دەکات کە هۆکاری زۆریی دڵەڕاوکێ کە تووشی هەرزەکاران و گەنجەکان دەبێتەوە لە داهاتوودا، لەبەر ئەوەی گەنج کاتێک هەست بە ناڕوونیی دیارینەکردنی داهاتووی دەکات و ناتوانێت پلان و ئامانجەکانی ببینێت و دابنێت، هەروەها هەستی نیگەرانیی خود لە داهاتوودا و نەبوونی سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی دروستبوونی دڵەڕاوکێی داهاتوو وەک بۆشاییەک بۆ بەدیهێنانی ئارەزوو و بەدیهێنانی خود (العنزي، ٢٠١٠، ل٥٦).

لە ڕوانگەیەکی تر، کاتێک تاک هەست بە بەهای کات دەکات ئەگەر بتوانێت بە  باشی وەبەرهێنان بکات و دەروونداروستبێت، ئەمە وا دەکات تاک بەرەو هەستکردن بە بەهاو شوێنی خۆی هەنگاو بنێت و هەست بە بوونی خۆی و ناسنامەی خۆی بکات (الأحمد،٢٠٠١،ل٩٢).

دڵەڕاوکێی داهاتوو تایبەتمەندی دیاری دەروونییە بە خستنەڕووی توخمی مرۆڤ بۆ زنجیرەیەک گۆڕانکاری کە ڕەنگدانەوەی هەستی بێمتمانەییە بە داهاتوو، ئەو کەسانەی کە دڵەڕاوکێی داهاتوویان هەیە مەیلیان بۆ کەمکردنەوە و بچوکردنەوەی درێژیی ئەو بۆشاییە هەیە کە دەتوانێت ژیانیان درێژبکاتەوە لە داهاتوودا لە ڕووی ئەزموون و دانانی ئامانجە پێشکەوتووەکان، واتە ئێستا وەک سنووردار کراوێکە لە

بارودۆخی دڵەڕاوكێی داهاتوو لە ڕووی ماوە و درێژكردنەوەی داهاتوو بەرەو كەمبوونەوە دەڕوات و دڵەڕاوكێ بە ڕوونی دەردەكەوێت لە قۆناغەكانی هەرزەكاری لەبەر ئەوەی قۆناغی ڕەخنەییە یاخود قۆناغی قەیران و كێشەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانكارییە سروشتییانەی كە ڕوودەدەن لە گەشەكردن لە بوارە جیاوازەكانی كەسایەتیدا. گەنجە هەرزەكارەكە ڕووبەڕووی ئەو داخوازییە بنەڕەتییانە دەبێتەوە كە وای لێ دەكات ڕووبەڕووی پەستانی دەروونی ببێتەوە و لەم داخوازییانەدا پەیوەندیی پێگەیشتوو لەگەڵ هاوڕێیەكانی بەدەستدەهێنێ لەگەڵ بەدەستهێنانی ناسنامە و پەرەپێدانی بەها و ستانداردی گونجاو و پێویست بوون بە ناوەندی كۆمەڵایەتی و بڕیاردان لەسەر ئەو بڕیارانەی كە بەستراون بە كاركردنی لە داهاتوودا، كە بە ئەركێكی سەرەكی دادەنرێت بۆ هەرزەكار، كە وای لێدەكات ڕووبەڕووی پەستانەكان ببێتەوە لە پێش دەوروبەری و كۆمەڵگایەكەی (محمد،٣٢٤،٢٠١٠).

هەروەها برینداربوونی تاك یاخود دایك و باوك بەهەر كەم ئەندامێك یاخود هێدمە دەروونییەكان وای لێ دەكات درك بە ڕووداوە ئازاربەخشەكان بكات لەگەڵ ئەو ئاستەنگییانە و ئەم تێگەیشتنانە، وا دەكات دڵەڕاوكێی داهاتوو زیادبكات لەگەڵ زیادبوونی تێڕوانینی ڕەشبینانە بۆ ئێستا و داهاتوو و هەست بە ترس دەكات لە مردن و ترس لە ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان لە داهاتوودا بە شێوەیەكی نەرێنی، و ئەو هۆكارەی كە وا دەكات ئەو حاڵەتانەی تووش ببێت نەبوونی متمانەیە بە دەروونی و بێدەستەهەڵاتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داهاتوو، و ترس لە زۆربوونی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی و سیاسی كە پێشبینییە ئەرێنییەكان لە داهاتوودا هەڵدەگرێت (ذهبیة،٢٠١٢،ل٧٨).

**تیۆرەکانی دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

**یەکەم: تیۆری دەروونشیکاری:**

لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، هۆکارەکانی دروستبوونی دلەڕاوکێی داهاتوو بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە کە لە قۆناغی منداڵی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بە جۆرێک لەلایەکەوە، ئەو ڕووداوانەی تەمەنی منداڵی کاتێک وەکو ڕووداوێکی ترس یان توندوتیژی ڕوودەدەن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەو ڕووداوانە ببنە ڕێگری لە تێرکردنی خواستە غەریزەی و چێژبەخشەکانی، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستێکی نیگەرانی لەلای منداڵ و سەرەنجام وا دەکات دواتر تووشی دڵەڕاوکێ ببێت (بولعسل، ٢٠١٤، ل ٣٩).

لەگەڵ ئەوەشدا، فرۆید بۆ باسکردنی دڵەڕاوکێ، ئەوا دڵەڕاوکێ دابەشدەکات بۆ سێ جۆری سەرەکی کە ئەوانیش بریتین لە دڵەڕواکێی نیرۆتیکی، کە فرۆید هاوتای دەکات بۆ ئەو ڕێگرییانەی کە بۆ خواستەکانی ئەو (ID) دروستدەبن و دڵەڕاوکێی ئایدیالی کە هاوتایە لەگەڵ منی باڵا (Super Ego) کە ئەوکاتە دروستدەبێت کە منی باڵا نەتوانیت بەگوێرەی خواستە ئایدیالی و کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بهاوێژێت، هەرچی سەبارەت بە جۆری سێیەمە ئەوا بریتییە لە دڵەڕاوکێی واقعی، کە هاوتایە لەگەڵ من (Ego)، ئەویش ئەوکاتە دروستدەبێت کە من نەتوانێت لە نێوان خواستەکانی ئەو و منی باڵادا میکانیزمێکی هاوسەنگ بدۆزێتەوە (شاملۆ، ٢٠١٠، لا. ٥٣-٥٤).

**دووەم: تیۆری ئادلەر:**

ئادلەر جەختی لەسەر گرنگیی کارلێککردنی دینامیکیی نێوان تاک و کۆمەڵگا دەکاتەوە، و ئەم کارلێکردنە دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ،

هەروەها وای دەبینێت کە هەندێک جار منداڵ هەست بە لاوازی و بێدەستهەڵاتی دەکات سەبارەت بە گەورەکان و هەرزەکاران بە شێوەیەکی گشتی، وای دەبینێ کە مرۆڤی ئاسایی هەستکردن بە کەم و کورتی و دڵەڕاوکێ تێدەپەڕێنن لە ڕێگای بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە تاک بە ئەوانی تر دەبەستێتەوە، و تاک دەتوانێت بژیت بێ ئەوەی هەست بە دڵەڕاوکێ بکات، ئەگەر ئەو ئنتیمایە لەو کۆمەڵگایەدا بەدیبێت کە تیدا دەژیت (الکریدیس، ٢٠١٥، ل٢٣٨).

هەروەها ئادلەر وای دەبینێ دڵەڕاوکێی داهاتوو پەروەردەکەی دەگەڕێتەوە بۆ منداڵی، وەک ئەوەی تاک هەست بە کەم و کورتی بکات کە هەستکردنی بە نائاسایشی تێدا بەرهەمدێت، ئەدلەر کەم و کورتییەکانی لە سەرەتادا دیاریکردووە وەکو کەم و کورتی ئەندامیی پێناسەی کردوون (مستەفا، ٢٠١٩، ل٩٣_٩٤).

## چەمکی ئاراستە بەرانبەر کۆچکردن:

کۆچکردن دیاردەیەکی کۆنە کە مرۆڤ لە ژیانیدا گرتۆتیەبەر، بە درێژایی ژیان هەبووە و لە گۆڕاندا بووە، چەمکی کۆچکردن یاخود ئەو میکانزمانەی کە کۆنترۆڵی دەکەن گۆڕانیان بەسەرهاتووە و کۆچکردن لە وشەی (Emigration) وەرگیراوە، کە لە ساڵی ١٩٥٢ بەدەرکەوتووە دەرخەری کرداری بەجێهێشتنی وڵاتەکی خۆی یاخود شارستانیەتی خۆی بووە (حەکیم، ٢٠٢٢، ل٨).

بنەڕەتی ئەم وشەیە لە زمانی لاتینی لە وشەی (Migrant) هاتووە، بە مانای چوونە ژوورەوە یاخود هاتن بۆ لای من، و لە زمانی بیانی ئاماژەی بە شیکردنەوەی وشەی کۆچکردن کراوە (Migration) واتە گۆڕانکاریی هەمیشە لە شوێنی خۆی و ئەگەر کۆچبەر (Migrant) بڕوات بۆ وڵاتێکی تر ئەوا بە کۆچکردن (Im _ Migration) ناودەبرێت، و

سەبارەت بە ئەو وڵاتەی کە بۆی دەڕوات کۆچبەرێکی ئاوارەیە (Emigrant) لە وڵاتی کۆن یاخود هی خۆی، ئەگەر گواستنەوەکە لە ناوخۆ بێت پێی دەگوترێت کۆچبەری میوان (in_ migrant) لە ناوچەیەکی نوێ، و کۆچبەری ڕۆیشتوو پێی دەگوترێت (out_ migrant) لە ناوچە کۆنەکەی (الجمعان و اليعقوب،٢٠١٩، ل٣٩٤).

کۆچکردن دیاردەیەکی کۆن و مێژوویەکی دێرینی هەیە، گرنگترین توخمی ژیانی نێوان مرۆڤ و سەرچاوەکانی سامانی گەردوون لەخۆدەگرێت، ئەگەر سامانەکە جێبەجێبکرێت ئەوا مرۆڤ کۆچ دەکات بۆ هەر شوێنێکی تر کە هۆکارەکانی ژیانی لەوێدا وەدەستدێن، لەسەر بنچینەی ئەم ڕاستییە مرۆڤ بڵاوبۆتەوە لە هەموو لایەنەکانی جیهاندا بە درێژایی مێژوو و ڕەگی شارستانیەتی هەیە و جۆرەها هەوڵ و کۆشش لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە کە ڕەنگە زۆرجار سوودی هەبێت بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نوێ و شارەزابوون لێی، یاخود فێربوونی جۆر و بەها و قیەم و کلتووری نوێی ئەو شوێن و وڵاتە (حافظ،٢٠١٣،ل٤٦).

واتە کۆچکردن گواستنەوەی خەڵک وەک تاک یاخود کۆمەڵ بە شێوەیەکی کاتی یاخود هەمیشەیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، و ئەم دیاردەیە ڕوویداوە و تا ئێستاش بەردەوامە و هەیە لە هەموو کات و شوێنێک لە ناوەوەی سنووری سیاسیی وڵاتێک یاخود بۆ وڵاتێکی تر، لە وانەیە لە ڕووی قەبارە و ئاراستە و خاڵ و هۆکار و سروشت و کاریگەرییەکانەوە گۆڕدرابێت لە کاتێکی تر یاخود شوێنێکی تر (الحسن و عصفور،٢٠١٨،ل٢٠٨٠).

**تیۆرەکانی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن:**

**یەکەم: تیۆری دەرکردن و سەرنجڕاکێشان:**

دۆناڵد بۆگ (Donald Bogue) مۆدێلێکی تیۆری پێشکەشکردووە بۆ ڕوونکردنەوەی کۆچکردن لەسەر بنەمای پرۆسەی دەرکردن و سەرنجڕاکێشانی کۆچبەران کە کاردەکاتە سەریان بۆ کۆچکردن، بەم شێوەی خوارەوە:

قۆناغی یەک لەدوای یەک لە پرۆسەی کۆچکردندا هەیە کە بە ڕاگواستن دەستپێدەکات و دواتر لە شوێنی نوێ و وڵاتێکی تر جێگر دەبێت و لە قۆناغی سەرەتاییشدا ڕێژەی پیاوانی کۆچبەر بەسەر ژناندا زیاترە، چونکە ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە کەسانی تەمەن مامناوەند و گەنجانی سەڵت.

لەبەرئەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو سەرنجی کۆچبەران بۆ وڵاتەکانیان کێش دەکەن بە هۆکاری گەشەی ئابووری و پیشەسازی و هەلی کار کە لە وڵاتی یەکەمی کۆچبەر ئەمانە کەمن.

ئەگەر ڕێگای کۆچکردن لە یەک ئاراستەدا زیادبکات ئەوا پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆچکردن زیاتر دەبێت لای گەنجان (أوشاطر،٢٠٠٢، ل٣٢).

**دووەم: تیۆری مۆدێلی کۆمەڵایەتی:**

ئەم تیۆرییە وا دەبینێت کە مرۆڤ ئۆبجێکتێکە دەبێت بە سروشت جێگیر بێت، بۆیە تاک بڕیاری کۆچکردن دەدات کاتێک ئاگادارکردنەوە هەیە یان نا لەناو کۆمەڵگا یان لە دەرەوەیدا بووە، کە وا لە تاک دەکات هەست بە ناتەواوی بکات لە نێوان واقیعی شکۆی خۆی و ڕادەی کاریگەری ئەوانی تر و ڕووداوە ڕاستەقینەکان و لە نێوان ئەوەی

دەیەوێت، ئەگەر لەو ساتەدا پێویستی بە گۆڕان بدۆزێتەوە، بڕیاری کۆچکردن بۆماڵێکی نوێ هەستەکانی کەمدەکاتەوە بەڵام لە هەمان کاتدا، فشارێکی دەبێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی نوێیدا، لەو حاڵەتەدا لەوانەیە کۆچبەرەکە هەڵبژێرێت. بەشداریکردن لە ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆمەڵگای نوێدا و هەندێک لە وشەگەلی توخمە کلتوورییەکان و ئەو ستانداردانەی کە تێیدا یەکیان گرتووە لادەدات لە بنیاتنانی مەعریفە و گرتنەبەری کلتووری کۆمەڵگەی نوێ (مشاور، ٢٠١٨، ل٢٠٧).

## سێیەم: تیۆری ئەریک فرۆم:

ئەریک فرۆم هۆکارەکانی کۆچکردن بۆ ئەو هۆکارانە دەگەڕێنێتەوە کە پەیوەستن بەو شێوازە مامەڵانەی کە لە ژینگەکەیدا هەیە، چونکە فرۆم پێیوایە کە مرۆڤ بۆخۆی هەوڵی ئەوە دەدات کە جۆرێک لە سیستەم و شێوازی ژیان بە مەبەستی ئاسانکاری و ڕاییکردن ژیان دابهێنێت، بەڵام دوای ماوەیەک ئەم شێواز و داهێنانە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی تەنهایی و گۆشەگیری لەلای مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ لەو دۆخەدا هەوڵدەدات چەند میکانیزمێکی دەروونی بەکاربهێنێت یەکێک لەو میکانیزمانەش بریتییە لە دوورکەوتنەوە (مستەفا، ٢٠١٩، ل ١٧٨-١٧٩).

فرۆم ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێک تاک لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت هەستی بەوە کرد کە بەها مرۆڤایەتییەکانی بەهۆی ئەو شێوازە ژیانەی کە لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیدا هەیە لەدەستدەدات، ئەو هەوڵی ئەوە دەدات کە میکانیزمێک بۆ دەربازبوون لەو دۆخە بدۆزێتەوە، لەو چوارچێوەیەدا زۆر جار تاک میکانیزمی دوورکەوینەوە یان کۆچکردن هەڵدەبژێرێت، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتوانێت لەو دۆخەی کە تێیدایە ڕزگاری ببێت (بۆکانی، ٢٠٠٦، ل١٥٧).

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

**یەکەم: توێژیەنەوەکانی پەیوەست بە ئاسایشی دەروونی:**

توێژینەوەی عبدالله (٢٠٠٩) بە ناونیشانی "ئاسایشی دەروونی و پەیوەندی بە گونجانی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لەلای قوتابییانی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان" ئەنجامدراوە، کە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کۆی قوتابییانی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە شاری نەینەوا، هەروەها نموونەی توێژینەوەکەش بریتیبووە لە (٢١٨)قوتابی. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە قوتابییان تا ئەندازەیەکی باش هەست بە ئاسایشی دەروونی دەکەن (عبدالله، ٢٠٠٩).

توێژینەوەی سامی (٢٠١٩) کە بە ناونیشانی "ئاسایشی دەروونی لەلای قوتابییانی کۆلێژی بونیادی کچان" ئەنجام دراوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانکۆی قادسیە و نموونەی ئەم توێژینەوەیەش پێکدێت لە(٦٠) قوتابی لە ڕەگەزی مێ کە بەسەر سێ بەش زانستیدا دەبەشدەبن. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە قوتابییان هەست بە ئاسایشی دەروونی ناکەن و نەبوونی هەسکردن بە ئاسایشی دەروونی بە پێی گۆڕاوی بەشە زانستییەکانیش هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات، بەڵکو هەموویان هەست بە نەبوونی ئاسایشی دەروونی دەکەن (سامي، ٢٠١٩).

**دووەم: توێژیەنەوەکانی پەیوەست بە دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

توێژینەوەی شلهوب (٢٠١٦) کە بە ناونیشانی دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە ڕقی دەروونییەوە ئەنجامدراوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو گەنجانەی کە بە شێوەیەکی کاتی لە بنکەی ئەلئیوا لە دیمەشق

نیشتەجێبوونە و نموونەی ئەم توێژینەیوەیەش پێکدێت لە (٣٠٠) گەنج لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە دڵەڕاوکێی داهاتوو بەگوێرەی ڕەهەندەکانی پەیوەست بەو پرسە دەگۆڕدرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئاستی دڵەڕاوکێی ئایندە لەلای نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەند دەبیندرێت (شلهوب، ٢٠١٦).

توێژینەوەی الرشیدی (٢٠١٧) کە بە ناونیشانی دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەویوەندی بە چالاکیی خود لەلای قوتابییانی کۆلێژی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی هایڵ لەبەر ڕۆشنایی چەند گۆڕاوێک. کۆمەڵگەی ئەم توێژیەنەوەیە پێکدێت لە کۆی قوتابییانی کۆلیژی کۆمەڵایەتی لە زانکۆی هایڵ و نموونەی ئەم توێژینەویەش بریتییە لە (٣٠١) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. ئەنجامی ئەو توێژیەنەوەیە ئەوە دەردەخات کە دڵەڕاوکێی داهاتوو پەیوەستە بە چالاکییەکانی خود، بە جۆرێک هەرکات چالاکیی خودی نزمببێتەوە ئەوا دڵەڕاوکێی داهاتوو بەرزدەبیتەوە و بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە (الرشیدي، ٢٠١٧).

## سێیەم: توێژینەوەکانی پەیوەست بە ئاراستە بەرانبەر کۆچکردن:

توێژیەنەوەی لیلی (٢٠١٨)، کە بە ناونیشانی ئاراستەی گەنجانی زانکۆ لەبارەی دیاردەی کۆچکردن (یاسایی و نایاسایی)، کە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وڵاتی جەزائیر و نموونەی توێژینەوەکەش پێکدێت لە (١٨٠) قوتابیی زانکۆ لە زانکۆی مەستیف٢ لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە ئاراستەی قوتابییە گەنجەکان بە شێوەیەکی گشتی بەرەو کۆچکردن نەرێنییە، واتە قوتابییەکان بە پشتبەستن هەندێ ڕەهەندی وەکو خۆشەویستی بۆ نیشتمان و خێزانەکان ئاراستەیان بەرەو کۆچکردن هەم لە ڕێگەی یاسایی و هەمیش لە ڕێگەی نائاسایی نەرێنییە (لیلی، ٢٠١٨).

توێژینەوەی الحسن و عصفور (٢٠١٨)، کە بە ناونیشانی ئاراستە بەرەو کۆچکردن لەلای قوتابییانی زانکۆ ئەنجامدراوە، کە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابییانی زانکۆی بەغداد و نموونەی ئەم توێژینەویەش پێکدێت لە (٣٠٠) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ. دەرەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە قوتابییانی زانکۆ ئاراستەیەکی نەرێنییان بۆ کۆچکردن بەرەو دەرەوەی وڵاتی عیراق هەیە و هەرچی سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەزیشە ئەوا دەردەکەوێت کە ئەو ئاراستەیە زایاتر لەلای ڕەگزی نێر دەردەکەوێت بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

دوای خوێندنەوەی و شرۆڤەکردنی توێژینەوەکانی پێشووتر، دەکرێت چەند سوودێک بۆ توێژینەوەکە دەربکەوێت، وەکو؛

لە ڕووی کۆمەڵگەی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشووتر پشتیان بە چەند نموونەیەکی جیاواز بەستبوو، کە دەکرێت جیاواز بێت لەگەڵ تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە.

لە ڕووی گۆڕاوەکانی توێژینەوە، کە توێژینەوەکانی پێشووتر پشتیان بە پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاوی وەکو ئاسایشی دەروونی و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن، یان دڵەڕاوکێی داهاتوو و پەیوەندی بە کۆچکردنەوە بەستووە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە کە هەر سێ گۆڕاوی وەکو ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن پێکەوە لە توێژینەوەکەدا بەکاربهێنرێن.

لە ڕووی ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکانی پێشووتر دەریانخستووە، دەکرێت ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بە جۆرێکی دیکە دەربکەون (الحسن و عصفور، ٢٠١٨).

**بەشی سێیەم: میتۆدی توێژینەوە و لایەنە کردارییەکانی:**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە کە بە شێوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێکراوە. واتە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفیی چەندییێتیان (Quantitative Method) بەکارهێناوە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم قوتابییانی زانکۆی سۆران (بەیانیان- ئێواران)، بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) کە بە گوێرەی پسپۆڕی و بەشی جیاواز لەم زانکۆیە دەخوێنن، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەوڵیداوە کە داتای گشتیی قوتابییانی زانکۆی سۆران بە شێوەیەکی فەرمی وەربگرێت، کە ژمارەیان بریتی بووە لە (5419) قوتابی.

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە:**

توێژەران بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەیان سوودیان لە خشتەی مۆرگان وەرگرتووە، کە ئەم خشتەیە دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەی زانستی سوودی لێوەربگیرێت، چونکە ئەم خشتەیە وەکو خشتەیەکی ئامادەکراو بەگوێرەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکان ڕێکخراوە، کە توێژەران دەتوانن لە کاتی دەستنیشانکردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوە کەڵکی لێوەربگرن (Bukhari, 2021, p. 1). بۆ ئەو مەبەستە توێژەر بۆ ئەوەی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکەی بە شێوەیەکی بەرز وەربگرێت، هەوڵیداوە (٥٣٢) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێر (٢٣٣) و مێ (٢٩٩) بە شێوەی

هەڕەمەکیی سادە وەربگرێت، بە شێوەیەکی گشتی (٤٣%)ی قوتابی لە ڕەگەزی نێر و (٥٧%) قوتابی لە ڕەگەزی مێ پێکهاتووە.

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوە بنەڕەتییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە بریتین لە: (ئاسایشی دەروونی) و (دڵەڕاوکێی داهاتوو) و (ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن) لای قوتابییانی زانکۆی سۆران، توێژەران سێ پێوەریان وەک ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: پێوەری ئاسایشی دەروونی:**

بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوی (ئاسایشی دەروونی) پشبەستراوە بە پێوەری (خویطر، ٢٠١٠) کە بە زمانی عەرەبی لە توێژینەوەکەی وەرگیراوە. پێوەرەکە لە (٥٥) بڕگە پێکدێت کە کۆی بڕگەکان گوزارشتن لە ئاسایشی دەروونی لای تاک.. سەرەڕای ئەمەش گۆڕاوی ئاسایشی دەروونی لە چوار بوار پێکدێن کە بۆ بواری یەکەم بریتییە لە ڕازیبوون لە ژیان، لە (١٤) بڕگەی پێکدێت کە ئەوانیش بڕگەکانی (١٤،١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣) کە بەهای جێگیری بریتییە لە (٠.٧٦)، هەروەها بواری دووەم بریتییە لە دڵنیایی دەروونی کە لە (١٢) بڕگە پێکدێت و بڕگەکانی (٢٦،١٥،١٦،١٧،١٨،١٩،٢٠،٢١،٢٢،٢٣،٢٤،٢٥) لەخۆدەگرێت و بەهای جێگرییەکەی بریتییە لە (٠.٧٣)، هەرچی سەبارەت بە بواری سێیەمە بریتییە لە بواری سەقامگیری کۆمەڵایەتی و لە (١٧) بڕگە پێکدێت کە بڕگەکانی (٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢، ٤٣) لەخۆدەگرێت بەهای جێگرییەکەی پێکدێت لە (٠.٧٢) و بواری چوارەمیش بریتییە لە بواری پێزانینی کۆمەڵایەتی و لە (١٢) بڕگە پێکدێت کە بڕگەکانی (٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢،

٥٣، ٥٤، ٥٥) لەخۆدەگرێت و بەهای جێگیری بریتییە لە (٠.٧٨). هەروەها جێگرەوەکانی (بەدائیلەکانی) پێوەرەکە بریتی بوون لە (٥) پێنج بژاردە بەم شێوەیە: (هەمیشە = ٥، زۆرجار = ٤، هەندێکجار = ٣، بە دەگمەن = ٢، هەرگیز = ١). دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە و دەرهێنانی ڕاستێتیی وەرگێڕان بۆی، پێوەرەکە دراوەتە دەستی شارەزایان بە مەبەستی دیاریکردنی بڕگە گونجاو و نەگونجاوەکان و پێدانی تێبینی و پێشنیازەکانیان.

## ئاماژەکانی ڕاستێتیی پێوەرکە:

### أ. ڕاستێتیی وەرگێڕانی پێوەرەکە:

به مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەری ئاسایشی دەروونی لەسەر نموونەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی، تا بە ڕوونی لە بڕگەکان تێبگەن و بە دروستی وەڵامی بڕگەکان بدەنەوە، توێژەر پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەویش بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە زانستییانەی خوارەوە، کە گوزارشتن لە دەرهێنانی ڕاستێتیی وەرگێڕان، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

توێژەران پێوەرە عەرەبییەکەی خستە بەردەستی شارەزایەکی زمانی (عەرەبی - کوردی)، بە مەبەستی وەرگێڕانی بڕگەکانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

دوای وەرگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، توێژەر دووبارە لە ڕێگەی شارەزایەکی تری زمانی (کوردی - عەرەبی) بڕگەکانی پێوەرەکەی وەرگێڕایەوە بۆسەر زمانی عەرەبی.

دوای دووبارە وەگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی، توێژەران هەستان بە بەراوردکردنی وێنەیەک لە پێوەرە

ڕەسەنەکە لەگەڵ وێنەیەک لە پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لە ڕێگەی دوو شارەزای دیکەی بواری دەروونزانی کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەزانن.

پاش ئەوەی کە پێورە ڕەسەنەکە و پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لەلایەن شارەزایانەوە بەراوردکران، دەرکەوت کە هەردوو وێنەی پێوەرەکە تا ئەندازەیەکی زۆر هاوتابوون و توێژەر لەم ڕێگەیەوە لە ڕاستێتیی وەرگێڕانی پێوەرەکەی و لە جێبەجێکردنی پێوەرەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دڵنیابوویەوە.

**ڕاستێتیی ڕواڵەتی (Face Validity) پێوەرەکە:**

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری ئاسایشی دەروونی بە شێوە سەرەتاییەکەی (هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (٣)دا هاتووە) خستە بەردەم (١١) لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری دەروونزانی (هەروەک لە پاشکۆی ژمارە (٤)دا هاتووە) بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکە.

پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی شارەزایان و پسپۆڕان و بە مەبەستی هەژمارکردنی ڕێژەی ڕاستێتیی ڕواڵەتی پێوەرەکە و دەرهێنانی ئاستی بەڵگەداری ئاماریی هەر بڕگەیەک، توێژەر دوو یاسای بەکارهێناوە کە پێکهاتوون لە: دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەریەک لە بڕگەکان و دۆزینەوەی بەهای (Chi- Squared). هەروەها توێژەر پاڵپشت بە پێوەرە ئامارییەکانی ڕاستێتیی ڕواڵەتی، ئەوەی لەبەرچاوگرتووە کە هەر بڕگەیەک ڕێژەی سەدیی شارەزایانی ڕازی کەمتر لە (٧٥%) بێت ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت، هەروەک دوای بەراوردکردنی بەهای دەرچووی (Chi- Squared)بە بەهای خشتەیی(٣.٨٤١)، هەر بڕگەیەک بەهای(Chi- Squared) لە (٣.٨٤١) کەمتربوو ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت.

ئەنجامی ڕای شارەزایان بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی ئەوەیان دەرخست کە جگە لە بڕگەی ژمارە (٤) کە گوزارشتی ئاماری نەبوو بۆیە لادرا، بەڵام سەرجەم بڕگەکانی تر وەک خۆیان مانەوە، واتە ژمارەی بڕگەکان (٥٤) بڕگەی مانەوە، جگە لەوەی کە چەند بڕگەیەکیان لە ڕوانگەی بەشێک لە شارەزایانەوە پێویستیان بە داڕشتنەوەیەکی کەم هەبوو.

**هێزی جیاکاریی بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی:**

بۆ دیاریکردنی هێزی جیاکاری بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمی شارەزایان و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ پێوەر و بەهای (Chi_ Squared)بۆ هەر بڕگەیەک و لادانی ئەو بڕگانەی کە بەڵگەداری ئامارییان نەبووە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و بۆچوونی شارەزایان هەر بڕگەیەک بەڵگەدار نەبووبێت لادراوە، و ئەو بڕگانەی کە ماونەتەوە ئەوا بەڵگەداری ئاماریان هەبووە، دواتر پێوەرەکە ڕێکخراوە و ئامادەکرا بۆ بەردەستی نموونەی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٤/٨) فۆڕمی ئامادەکراو خرایە بەردەستی (٢٧٣) کەس لە نموونەی توێژینەوەکەم کە قوتابییانی زانکۆن لە هەردووک ڕەگەز واتە نێر و مێ.

لە ئەمانجی دیاریکردن و شیکردنەوەی هێزی جیاکاریی بڕگەکان بۆ بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی (٢٧٣) کەس هەڵبژێردران و فۆڕم و پێوەرەکەیان بەسەر دابەشکرا، توێژەران شێوازی نموونەی دوولایەنی واتا شێوازی نموونەی گرووپی گەورەترین نمرەکان (٢٧%) و نموونەی گرووپی نزمترین نمرەکان (٢٧%) ی وەرگرت، و لە دوایدا ئەم هەنگاوانەی جێبەجێکردن بۆ دەرهێنانی هێز و توانای جیاکاریی بڕگەکان.

پێداچوونەوە بە فۆڕمی ڕاپرسی و پێدانی نمرە بە گشت بڕگەکانی پێوەرەکە.

دیاریکردنی ئەو نمرانەی کە هەر بەشداربووەک لە وەڵامدانەوەی بڕگەکان بەدەستیهێناوە.

وەرگرتنی (٧٣) بەشدار بوو کە دەکاتە لە (٢٧%) بەشداربوو، کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە لەگەڵ (٧٣) بەشداربوو کە دەکاتە (٢٧%) کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە.

دیاریکردنی بەهای (t test)ی دەهێندراو بە نمرەی ئازادی (٧٢)، هەروەها بەهای خشتەیی (١.٩٩). لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پێوەری ئاسایشی دەروونی گشت بڕگەکان هاوکۆڵکەی جیاکارییان لە ئاستێکی باشدایە و گەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەی ئاماری (١.٩٩) چونکە گشت بڕگەکانی ئەم پێوەرە لەسەرووی ئاستی ئاماژەی ئاماری (١.٩٩) دان.

**ئاماژەکانی جێگیریی پێوەرەکە:**

**جێگیریی پێوەرەکە بە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ:**

جێگری هاو واتایە لەگەڵ توانای مانەوەی دۆخێک یان پێوەرێک کە دەکرێت لە هەڵومەرجی دیکەدا وەک خۆی یان بە نزیکەیی وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆ نموونە ئاستێک یان تاقیکردنەوەیەک کاتێک جێگیر دەبێت کە لە دووبارە پێوانەکردنەوەدا لە ژێر هەمان مەرج بە جێگیری بمێنێتەوە و ئەنجامی نزیک بخاتەڕوو (Taherdoos,2016, P.33).

بۆ ئەم توێژینەوەیە دوای دابەشکردنی فۆڕمی توێژینەوە بەسەر نموونەی توێژینەوە بۆ ئاسایشی دەروونی بە ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ) بریتی بوو لە (٠.٩١) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤) پیشاندەدرێت،

هەروەها ئەم پێوەرە لە چوار بوار پێکدێت کە بریتین لە بواری ڕازیبوون لە ژیان کە جێگریەکەی بریتییە لە (٠.٧٦)، بواری دووەم دڵنیایی دەروونی کە جێگرییەکەی بریتییە لە (٠.٧٣)، هەرچی بواری سێیەمیشە کە بواری سەقامگیریی کۆمەڵایەتییە کە بەهای جێگریەکەی بریتییە لە (٠.٧٢)، کۆتا بواریش بریتییە لە بواری پێزانینی کۆمەڵایەتی کە بەهای جێگرییەکەی دەکاتە(٠.٧٨).

**خشتەی ژمارە (١) زانینی جێگری گۆڕاوی ئاسایشی دەروونی هەرچوار بوارەکە بەڕێگای ئەلفا کرۆنباخ**

| بوارەکان | ژمارەی برگە | Chrobach's Alpha | ئاستی گوزارشت 0.05 |
|---|---|---|---|
| ڕازیبوون لەژیان | ١٤ | 0.76 | بەڵگەدارە |
| دلنیایی دەروونی | ١٢ | 0.73 | بەڵگەدارە |
| سەقامگیری کۆمەڵایەتی | ١٧ | 0.72 | بەڵگەدارە |
| پێزانینی کۆمەڵایەتی | ١٢ | 0.78 | بەڵگەدارە |
| گشت بوارەکان بەیەکەوە | ٥٤ | 0.91 | بەڵگەدارە |

**ب- جێگیری پێوەرەکە بەڕێگاپەیوەندی برگە بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:**

ئەنجامی پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە، دەرکەوت گشت بڕگەکانی پێوەری ئاسایشی دەروونی ئاماژەی ئامارییان هەیە، چونکە بە پێی خشتەی پێرسۆن بۆ پەیوەندی لە نێوان بڕگەکان لێرەدا پشت بە ئاستی بەرز بەستراوە بەو پێیەی هەر بەهایەکی دەرهێندراو بکەوێتە ئاستی (٠.١) ئەوا بڕگەکە لاوزە، هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٣) ئەوا ئاستێکی مامناوەندی دەبێت و هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٥) یان گەورەتر ئەوا ئاستی بڕگەکان لە ئاستێکی بەهێزدا دەنرێت (Mollie, 2014,p.2) کەواتە لێرەدا دەکرێت

ئاماژە بەوە بدرێت گشت بڕگەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوانیاندا هەیە.

## دووەم: پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو:

بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوی دڵەڕاوکێی داهاتوو، توێژەر هەوڵیداوە پێوەرێکی ئامادەکراو بەکاربهێنێت، کە ئەم پێوەرە لە (السبعاوي،٢٠٠٧)، کە بە زمانی عەرەبی بووە وەربگرێت و وەربگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، ئەم پێوەرە لە (٤٨) بڕگە پێکهاتووە، بۆ هەر بڕگەیەکیش پێنج هەڵبژاردەی هەیە کە بریتین لە (هەمیشە=٥، زۆرجار=٤، هەندێکجار=٣، بەدەگمەن=٢، هەرگیز=١).

### ١. ئاماژەکانی ڕاستێتیی پێوەرکە:

### ڕاستێتیی وەرگێرانی پێوەرەکە:

بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو لەسەر نموونەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی، تا بە ڕوونی لە بڕگەکان تێبگەن و بە دروستی وەڵامی بڕگەکان بدەنەوە، توێژەر پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەویش بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە زانستییانەی خوارەوە، کە گوزارشتن لە دەرهێنانی ڕاستێتی وەرگێڕان، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

توێژەران پێوەرە عەرەبییەکەی خستە بەردەستی شارەزایەکی زمانی (عەرەبی – کوردی)، بە مەبەستی وەرگێڕانی بڕگەکانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

دوای وەرگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، توێژەر دووبارە لە ڕێگەی شارەزایەکی تری زمانی (کوردی-عەرەبی) بڕگەکانی پێوەرەکەی وەرگێڕایەوە بۆسەر زمانی عەرەبی.

دوای دووبارە وەگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی، توێژەران هەستان بە بەراوردکردنی وێنەیەک لە پێوەرە ڕەسەنەکە لەگەڵ وێنەیەک لە پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لە ڕێگەی دوو شارەزای دیکەی بواری دەروونزانی کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەزانن.

پاش ئەوەی کە پێورە ڕەسەنەکە و پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لەلایەن شارەزایانەوە بەراوردکران، دەرکەوت کە هەردوو وێنەی پێوەرەکە تا ئەندازەیەکی زۆر هاوتابوون و توێژەر لەم ڕێگەیەوە لە ڕاستێتیی وەرگێڕانی پێوەرەکەی و لە جێبەجێکردنی پێوەرەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دڵنیابووەوە.

### ب- ڕاستێتیی ڕواڵەتی (Face Validity) پێوەرەکە:

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو بە شێوە سەرەتاییەکەی خستە بەردەم (١١) لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری دەروونزانی بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکە.

پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی شارەزایان و پسپۆڕان و بە مەبەستی هەژمارکردنی ڕێژەی ڕاستێتیی ڕواڵەتیی پێوەرەکە و دەرهێنانی ئاستی بەڵگەداری ئاماریی هەر بڕگەیەک، توێژەران دوو یاسایان بەکارهێناون، کە پێکهاتوون لە: دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەریەک لە بڕگەکان و دۆزینەوەی بەهای (Chi- Squared). هەروەها توێژەر پاڵپشت بە پێوەرە ئامارییەکانی ڕاستێتیی ڕواڵەتی، ئەوەی لەبەرچاوگرتووە، کە هەر

بڕگەیەک ڕێژەی سەدیی شارەزایانی ڕازی کەمتر لە (٧٥%) بێت ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت، هەروەک دوای بەراوردکردنی بەهای دەرچووی ( Chi-Squared) بە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، هەر بڕگەیەک بەهای ( Chi-Squared) لە (٣.٨٤١) کەمتربوو ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت.

ئەنجامی ڕای شارەزایان بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو ئەوەیان دەرخست کە سەرجەم بڕگەکانی گۆڕاوەکە وەک خۆیان مانەوە، واتە ژمارەی بڕگەکان (٤٨) بڕگەی وەک خۆیان مانەوە، جگە لەوەی کە چەند بڕگەیەکیان لە ڕوانگەی بەشێک لە شارەزایانەوە پێویستییان بە داڕشتنەوەیەکی کەم هەبوو.

**٢. هێزی جیاکاریی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو:**

به مەبەستی دیاریکردنی هێزی جیاکاریی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو دوای ئامادەکردنی پێوەرەکە و پێدان بە شارەزایان بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگە گونجاو و نەگونجاوەکان و لە دواییشدا وەرگرتنەوەی فۆڕمەکە و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ پێوەرەکە و بەهای (Chi_ Squared) بۆ هەر بڕگەیەک و هێشتنەوەی ئەو بڕگانەی بەڵگەداری ئامارییان هەبوو هەروەها لادانی ئەو بڕگانەی کە بەڵگەداری ئامارییان نەبووە لەسەر تێبینی و بۆچوونی شارەزایان، بۆیە ئەو بڕگانەی کە جێگیرن و ماونەتەوە ئەوا بەڵگەداری ئامارییان هەیە و گونجاون، لە پاشاندا پێوەرەکە دووبارە ڕێکخراوەتەوە و ئامادەکراوە بۆ بەردەستی نموونەی توێژینەوەکە، پاشکۆی بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٤/٨) فۆڕمی ئامادەکراو خرایە بەردەستی (٢٧٣) کەس لە نموونەی توێژینەوەکە کە قوتابییانی زانکۆن لە هەر دوو ڕەگەز واتە نێر و مێ.

به ئامانجی دیاریکردن و شیکردنەوەی هێزی جیاکاری بڕگەکان بۆ بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو(٢٧٣) کەس هەڵبژێردران و فۆڕم و

پێوەرەکەیان بەسەر دابەشکرا، توێژەر شێوازی نموونەی دوولایەنی واتە شێوازی نموونەی گرووپی گەورەترین نمرەکان (٢٧%) و نموونەی گرووپی نزمترین نمرەکان (٢٧%) ی وەرگرت، و لە دواییدا ئەم هەنگاوانەی جێبەجێکردن بۆ دەرهێنانی هێز و توانای جیاکاریی برگەکان:

پێداچوونەوە بە فۆرمی راپرسی و پێدانی نمرە بە گشت برگەکانی پێوەرەکە

دیاریکردنی ئەو نمرانەی کە هەر بەشداربووەک لە وەڵامدانەوەی برگەکان بەدەستیهێناوە، لە گەورە بۆ بچوک.

وەرگرتنی (٧٣) بەشدار بوو کە دەکاتە لە (٢٧%) بەشداربوو، کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە لەگەڵ (٧٣) بەشداربوو کە دەکاتە (٢٧%) کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە.

دیاریکردنی بەهای (t test)ی دەهێندراو بە نمرەی ئازادی (٧٢)، هەروەها بەهای خشتەیی (١.٩٩).لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتووگشت برگەکان جگە لە برگەی ژمارە(٣)، هاوکۆڵکەی جیاکارییان لە ئاستێکی باشدایە و گەیشتوونەتە ئاستی ئامژەی ئاماری (١.٩٩) چونکە گشت برگەکانی ئەم پێوەرە لەسەرووی ئاستی ئاماژەی ئاماری (١.٩٩) دان.

### ٣. ئاماژەکانی جێگیری پێوەرەکە:

### أ. جێگیری پێوەرەکە بەرێگای ئەلفا کرۆنباخ:

جێگری هاو واتایە لەگەڵ توانای مانەوەی دۆخێک یان پێوەرێک کە دەکرێت لە هەلومەرجی دیکەدا وەک خۆی یان بە نزیکەیی وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆ نموونە ئاستێک یان تاقیکردنەوەیەک کاتێک جێگیر دەبێت کە

له دووباره پێوانەکردنەوەدا لە ژێر هەمان مەرج بە جێگیری بمێنێتەوە و ئەنجامی نزیک بخاتەڕوو (Taherdoos, 2016, P.33). بۆ ئەم توێژینەوەیە دوای دابەشکردنی فۆرمی توێژینەوە بەسەر نموونەی توێژینەوە بۆ دڵەڕاوکێی داهاتوو بە ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ) بریتی بوو لە (٠.٨٧) هەروەک لە خشتەی ژمارە(٤)، پیشان دەدرێت،

## جێگیری پێوەرەکە بەڕێگای پەیوەندی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:

ئەنجامی پەیوەندی بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو بە نمرەی گشتی پێوەرەکە، دەرکەوت گشت بڕگەکانی پێوەری دڵەڕاوکێی داهاتوو ئاماژەی ئامارییان هەیە،بە پێی خشتەی پێرسۆن بۆ پەیوەندی لە نێوان بڕگەکان لێرەدا پشت بە ئاستی بەرز بەستراوە بەو پێیەی هەر بەهایەکی دەرهێندراو بکەوێتە ئاستی (٠.١) ئەوا بڕگەکە لاوزە، هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٣) ئەوا ئاستێکی مام ناوەندی دەبێت و هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٥) یان گەورەتر ئەوا ئاستی بڕگەکان لە ئاستێکی بەهێز دادەنرێت (Samuels,2014,p.4) کەواتە لێرە دا دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت گشت بڕگەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوانیاندا هەیە.

## سێیەم: پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن:

بە مەبەستی پێوانەکردنی گۆڕاوی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن توێژەران هەوڵیانداوە پێوەرێکی ئامادەکراو بەکاربهێنێت، کە ئەم پێوەرە لە (نظمي، ٢٠٠٦) کە بە زمانی عەرەبی بووە وەربگرێت و دواتر وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی (بروانە پاشکۆی ژمارە)، ئەم پێوەرە لە (٣٤) بڕگە پێکهاتووە، بۆ هەر بڕگەیەکیش پێنج هەڵبژاردەی هەیە کە

بریتین لە (هەمیشە=٥، زۆرجار=٤، هەندێکجار=٣، بەدەگمەن=٢، هەرگیز=١).

**١.ئامازەکانی ڕاستێتیی پێوەرکە:**

**ڕاستێتی وەرگێڕانی پێوەرەکە:**

بە مەبەستی جێبەجێکردنی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لەسەر نموونەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی، تا بە ڕوونی لە بڕگەکان تێبگەن و بە دروستی وەڵامی بڕگەکان بدەنەوە، توێژەر پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەویش بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوە زانستییانەی خوارەوە، کە گوزارشتن لە دەرهێنانی ڕاستێتیی وەرگێڕان، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

توێژەران پێوەرە عەرەبییەکەی خستە بەردەستی شارەزایەکی زمانی (عەرەبی - کوردی)، بە مەبەستی وەرگێڕانی بڕگەکانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

دوای وەرگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی، توێژەر دووبارە لە ڕێگەی شارەزایەکی تری زمانی (کوردی - عەرەبی) بڕگەکانی پێوەرەکەی وەرگێڕایەوە بۆسەر زمانی عەرەبی.

دوای دووبارە وەگێڕانی پێوەرەکە لە زمانی کوردی بۆ زمانی عەرەبی، توێژەر هەستا بە بەراوردکردنی وێنەیەک لە پێوەرە ڕەسەنەکە لەگەڵ وێنەیەک لە پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لە ڕێگەی دوو شارەزای دیکەی بواری دەروونزانی کە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەزانن.

پاش ئەوەی کە پێورە ڕەسەنەکە و پێوەرە وەرگێڕدراوەکە لەلایەن شارەزایانەوە بەراوردکران، دەرکەوت کە هەردوو وێنەی پێوەرەکە تا

ئەندازەیەکی زۆر هاوتا بوون و توێژەران لەم ڕێگەیەوە لە ڕاستێتیی وەرگێڕانی پێوەرەکەی و لە جێبەجێکردنی پێوەرەکەی بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا دڵنیابووە.

### ب- ڕاستێتیی ڕواڵەتی (Face Validity) پێوەرەکە:

بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران بڕگەکانی تایبەت بە پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن  بە شێوە سەرەتاییەکەی خستەبەردەم (١١) لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری دەروونزانی بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەرەکە.

پاش وەرگرتنەوەی وەڵامی شارەزایان و پسپۆڕان و بە مەبەستی هەژمارکردنی ڕێژەی ڕاستێتیی ڕواڵەتی پێوەرەکە و دەرهێنانی ئاستی بەڵگەداری ئاماریی هەر بڕگەیەک، توێژەر دوو یاسای بەکارهێناوە کە پێکهاتوون لە: دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ هەریەک لە بڕگەکان و دۆزینەوەی بەهای (Chi- Squared). هەروەها توێژەر پاڵپشت بە پێوەرە ئامارییەکانی ڕاستێتیی ڕواڵەتی، ئەوەی لەبەرچاوگرتووە کە هەر بڕگەیەک ڕێژەی سەدی شارەزایانی ڕازی کەمتر لە (٧٥%) بێت، ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت، هەروەک دوای بەراوردکردنی بەهای دەرچووی ( Chi- Squared)بە بەهای خشتەیی (٣.٨٤١)، هەر بڕگەیەک بەهای ( Chi- Squared) لە (٣.٨٤١) کەمتربوو، ئەوا ئەو بڕگەیە لادەبرێت.

ئەنجامی ڕای شارەزایان بۆ سەرجەم بڕگەکانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن  ئەوەیان دەرخست کە سەرجەم بڕگەکان وەک خۆیان مانەوە، واتە ژمارەی بڕگەکان (٣٤) بڕگەن وەک خۆیان مانەوە، جگە لەوەی کە چەند بڕگەیەکیان لە ڕوانگەی بەشێک لە شارەزایانەوە پێویستییان بە داڕشتنەوەیەکی کەم هەبوو.

## ٢. هێزی جیاكاریی بڕگەكانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە كۆچكردن:

لەم هەنگاوەدا توێژەران هەڵساوە بە دیاریكردن و ئامادەكردنی هێزی جیاكاری بڕگەكانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە كۆچكردن، دوای وەرگرتنەوەی فۆڕمی شارەزایان و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی بۆ پێوەر و بەهای (Chi_ Squared)، بۆ هەر بڕگەیەک، لەدوای هەڵسەنگاندی فۆرمەكە لە لایان شارەزایان لە ڕووی گونجاوی و نەگونجاوی تێبنییەكان بۆ بڕگەكان، توێژەران لەسەر بنەمای بۆچوونی شارەزایان هەر بڕگەیەک گونجاو بێت و بەڵگەداری ئاماری هەبێت ئەوا هێشتۆتیەوە و لای نەداوە، بە پێچەوانەشەوە هەر بڕگەیەک گونجاو نەبێت و بەڵگەداری ئاماریی نەبێت لادراوە، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێكەوتی (٢٠٢٢/٤/٨) فۆڕمی ئامادەكراو خرایە بەردەستی (٢٧٣) كەس لە نموونەی توێژینەوەكە كە قوتابییانی زانكۆن لە هەردووک ڕەگەز (نێر و مێ).

بە ئامانجی دیاریكردن و شیكردنەوەی هێزی جیاكاریی بڕگەكان بۆ بڕگەكانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە كۆچكردن (٢٧٣) كەس هەڵبژێردران و فۆڕم و پێوەرەكەیان بەسەر دابەشكرا، توێژەران شێوازی نموونەی دوولایەنی  واتە شێوازی نموونەی گروپی گەورەترین نمرەكان (٢٧%) و نموونەی گرووپی نزمترین نمرەكان (٢٧%) ی وەرگرت، و لە دواییدا ئەم هەنگاوانەی جێبەجێكردن بۆ دەرهێنانی هێزو توانای جیاكاری بڕگەكان.

پێداچوونەوە بە فۆڕمی ڕاپرسی و پێدانی نمرە بە گشت بڕگەكانی پێوەرەكە.

دیاریكردنی ئەو نمرانەی كە هەر بەشداربووەک لە وەڵامدانەوەی بڕگەكان بەدەستیهێناوە.

وەرگرتنی (٧٣) بەشدار بوو کە دەکاتە لە (٢٧%) بەشداربوو، کە بەرزترین نمرەیان بەدەستهێناوە لەگەڵ (٧٣) بەشداربوو کە دەکاتە (٢٧%) کە نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە.

دیاریکردنی بەهای (t test)ی دەهێندراو بە نمرەی ئازادی (٧٢)، هەروەها بەهای خشتەیی (١.٩٦). لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن گشت بڕگەکان هاوکۆڵکەی جیاکارییان لە ئاستێکی باشدایە و گەیشتوونەتە ئاستی ئاماژەی ئاماریی (١.٩٩) چونکە گشت بڕگەکانی ئەم پێوەرە لەسەرووی ئاستی ئاماژەی ئاماریی (١.٩٩) دان.

### ٣. ئاماژەکانی جێگیریی پێوەرەکە:

#### أ. جێگیریی پێوەرەکە بە ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ:

جێگری هاوواتایە لەگەڵ توانای مانەوەی دۆخێک یان پێوەرێک کە دەکرێت لە هەلومەرجی دیکەدا وەک خۆی یان بە نزیکەیی وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆ نموونە ئاستێک یان تاقیکردنەوەیەک کاتێک جێگیردەبێت کە لە دووبارە پێوانەکردنەوەدا لە ژێر هەمان مەرج بە جێگیری بمێنێتەوە و ئەنجامی نزیک بخاتەڕوو (Taherdoos, 2016, P.33). بۆ ئەم توێژینەوەیە دوای دابەشکردنی فۆڕمی توێژینەوە بەسەر نموونەی توێژینەوە بۆ ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بە ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ) بریتی بوو لە (٠.٨٩) هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤) پیشاندەدرێت،

#### جێگیریی پێوەرەکە بە ڕێگای پەیوەندیی بڕگە بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە:

ئەنجامی پەیوەندیی بڕگەکانی پێوەری ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە، دەرکەوت گشت بڕگەکانی پێوەری ئاراستە

بەرانبەر بە کۆچکردن ئاماژەی ئامارییان هەیە، چونکە بە پێی خشتەی پێرسۆن بۆ پەیوەندی لە نێوان بڕگەکان لێرەدا پشت بە ئاستی بەرز بەستراوە بەو پێیەی هەر بەهایەکی دەرهێندراو بکەوێتە ئاستی (٠.١) ئەوا بڕگەکە لاوزە، هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٣) ئەوا ئاستێکی مامناوەندی دەبێت و هەر بڕگەیەکیش بکەوێتە ئاستی (٠.٥) یان گەورەتر ئەوا ئاستی بڕگەکان لە ئاستێکی بەهێز دادەنرێت، کەواتە لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت گشت بڕگەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوانیاندا هەیە. (Samuels,2014,p.1)

**پێنجەم: کەرەستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا:**

یاسای کا$^{2}$(Chi-Squared) بۆ ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی.

یاسای (Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی ناوەکی.

هاوکۆلکەی پەیوەستی پێرسۆن ( Pearson correlation Coefficient) بۆ دۆزینەوەی جێگیری بە ڕێگەی پێوانەکردنەوە و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان گۆڕاوەکاندا بەکارهاتوون.

یاسای تی تێستی یەک نموونەیی (One Sample T.Test) بۆ زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی، دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بەکارهاتووە.

## بەشی چوارەم: نیشاندانی ئەنجامەکان و گفتوگۆکردنیان:

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی لای قوتابییانی زانکۆی سۆران:

بە مەبەستی پێوانەکردن و زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی لە لای نموونەی توێژینەوە کە قوتابییانی زانکۆی سۆرانن، سوود لە هاوکێشەی تاقیکردنەوەی یەک نموونەیی ( One Sample T-Test) وەرگیراوە، وەکو لە خشتەی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٢) نیشاندانی ئاستی زانینی ئاسایشی دەروونی لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە:**

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | P.Sig(2_tailed | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاسایشی دەروونی | 532 | 125.2387 | 162 | 20.35702 | _41.65166 | 531 | 0.00 | بەڵگەدارە |

لێرەدا یاسای (One Sample T-Test) بۆ زانینی ئاستی ئاسایشی دەروونی لای قوتابییانی زانکۆی سۆران بەکارهاتووە، کە نموونەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (532) کەس کە ناوەندی ژمێرەیی (M=125.2387) بە لادانی پێوەری (SD=20.35702) و (ناوەندی گریمانەیی=162)، هەروەها نمرەی ئازاد (df=531) و بەهای (t=_41.65166, p=0.00 >0.05) لەبەر ئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە، هەروەها بەهای (p=0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05) کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، ئاستی ئاسایشی دەروونی لای نموونەی توێژینەوەکە بەڵگەداری ئاماری هەیە، و قوتابییان بە شێوەیەکی نزم هەست بە ئاسایش دەکەن. ئەو ئەنجامە

لەگەڵ هەمان ئەنجامی توێژینەوەی (اقراح، ٢٠٠٥) هاوتایە کە ئەو توێژینەوەیەش گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە قوتابییانی زانکۆ هەست بە ئاسایشی دەروونی ناکەن.

لە ڕوانگەی توێژەرانەوە نەبوونی ئاسایشی دەروونی لای قوتابییانی زانکۆ، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە کۆمەڵگە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەکو ڕێگرییەک لەبەردەم تاکی قوتابیدا ببیندرێت و ببێتە هۆی هەستنەکردن بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکان. لەم بارەیەشەوە ماسلۆ پێیوایە کە نەبوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێداویستییەکانی دیکەش تێرنەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک هەمیشە هەست بە ترسی لە پڕنەکردنەوەی پێداویستییەکاندا هەبێت و لە ئەنجامدا هەست بە نەبوونی ئاسایشی دەروونی بکات.

### ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لە لایەن قوتابییانی زانکۆی سۆران:

بۆ زانینی ئاستی دڵەڕاوکێی داهاتوو لای نموونەی توێژینەوەکە یاسای (One Sample T-Test) بەکارهاتووە، کەوا نموونەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (532) کەس، و لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣)دا هاتووە کەوا ناوەندی ژمێرەیی (M=127.5320) بە لادانی پێوەری(SD=20.59082) و (ناوەندی گریمانەیی=141) هەروەها نمرەی ئازاد (df=531) و بەهای (p=0.00<0.05) لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە، هەروەها بەهای (p=0.00) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05)، کە ئەمەش بە واتای ئەوە دێت کە دڵەڕاوکێی داهاتوو بەڵگەداری ئاماری هەیە لە لای نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٣) نیشاندانی ئاستی زانینی دڵەڕاوکێی داهاتوو لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە:**

| ناونیشان | قەبارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2_ tailed | ئاستی گوزارشتی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێی داهاتوو | 532 | 127.5320 | 141 | 20.59082 | _15.08643 | 531 | 0.00 | بەڵگەدارە |

ئەو ئەنجامەی ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە کە قوتابییانی زانکۆ هەست بە دڵەڕاوکێی داهاتوو ناکەن، توێژەران پێیانوایە ئەم ئەنجامە لەوانەیە بۆ هۆکارەکانی بیرکردنەوەی تاک بگەڕێتەوە، چونکە کاتێک تاک توانی بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی لەخۆیدا دروستبکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانێت لەو بارودۆخانەی نالەبارن مامەڵەیەکی گونجاو بۆخۆی دروستبکات. شایەنی باسە ئەو ئەنجامەی کە ئەو توێژینەوەیە پیشانیدەدات لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووی (الرشيدي، ٢٠١٧) هاوتایە.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ئاستی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لە لایەن قوتابییانی زانکۆی سۆران:**

بۆ زانینی ئاستی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای نموونەی توێژینەوەکە یاسای (One Sample T-Test) بەکارهاتووە، کەوا نموونەی توێژینەوەکە بریتیی بووە لە (532) کەس، و لە ئەنجامدا هەروەک لە خشتەی ژمارە (٤)دا هاتووە، کەوا ناوەندی ژمێرەیی (M=98.3647) بە لادانی پێوەری (SD=10.198154) و (ناوەندی گریمانەیی=102) هەروەها نمرەی ئازاد (df=531)، بە بەهای (p=0.00) لەبەرئەوەی ناوەندی گریمانەیی لە ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە، هەروەها بەهای (p=0.00<0.05) ئەم بەهایەش بچووکترە لە (0.05)، کە ئەمەش

به واتای ئەوە دێت کە ئاراستە بەرانبەر کۆچ بەڵگەداری ئاماری هەیە لە لای نموونەی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٤) نیشاندانی ئاستی زانینی ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لە لایەن نموونەی توێژینەوەکە:**

| ناونیشان | قوبارەی نموونە | ناوەندی ژمیرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پیوەری | تاقیکردنەوەی T.Test | نمرەی ئازاد | p.Sig(2_tailed) | ئاستی گوزارشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن | 532 | 98.3647 | 102 | 10.198154 | _8.222 | 531 | 0.00 | بەلگەدارە |

لەدوای شیکردنەوەی داتاکان ئەوە دەردەکەوێت کە قوتابییانی زانکۆ بە ئاستێکی نزم ئاراستەیان بەرانبەر بە کۆچکردن هەیە، بۆیە لەوانەیە ئەم ئاستە کەمەی کە نموونەی توێژینەوە لە بەرانبەر بە کۆچکردن هەیانە بۆ ئەو هۆکارانە بگەڕێتەوە کە وەکو فەتاحی (٢٠١٣)، باسیدەکات کە هۆکارەکانی کۆچ بۆ کۆمەڵێک هۆکاری وەکو ئەشکەجەدانی جەستەیی و دەروونی، هەروەها ململانێ توند و نەگونجان دەگەڕێتەوە (فەتاحی، ٢٠١٣، لا. ٥٨-٥٩) کە ڕەنگە نموونەی توێژینەوەکە هەتا ئاستێکی زۆر ڕووبەڕووی ئەم دۆخە توندوتیژییانە نەبووبنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکانی پێشووی وەکو توێژینەوەی (عبود، ٢٠١٦)، پشتڕاستی ئەم ئەنجامە دەکاتەوە، کە قوتابییان بە ئاستێکی نزم ئاراستەیان بەرانبەر بە کۆچکردن هەیە.

**ئامانجی چوارەم: زانینی پەیوەندی لە نێوان هەریەک لە گۆڕاوەکانی ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن لای قوتابییانی زانکۆی سۆران:**

بۆ دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن، یاسای پێرسۆن (Pearson) بەکارهاتووە، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) پیشاندراوە.

**خشتەی ژمارە (٥) نیشاندانی ئاستی زانینی پەیوەندی نێوان هەر سێ گۆڕاوەکانی توێژینەوە:**

| گۆڕاوەکان | ئاسایشی دەروونی | دڵەڕاوکێی داهاتوو | ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن |
|---|---|---|---|
| ئاسایشی دەروونی | 1 | .683** | .300** |
| دڵەڕاوکێی داهاتوو | .683** | 1 | .441** |
| ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن | .300** | .441** | 1 |

هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) ڕوونکراوەتەوە دوای بەکارهێنانی یاسای (Pearson ) بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێ، ئەوە دەرکەوت کە بەهای ($r$ = 0.683**, $p$ = 0.00<0.05) بەڵگەداری ئامارییە و ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو بە ئاستی (0.68) پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، هەروەها پەیوەندیی نێوان ئاسایشی دەروونی و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچ ئەوە دەردەکەوێت کە (- $r$ = 0.300**, $p$ = 0.00<0.05). کەواتە بەڵگەداری ئامارییە و ئاسایشی دەروونی و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بە ئاستی (0.30) پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان دلەڕاوکێی کار و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردنیش دەرکەوت، کە ($r$ = 0.441**, $p$ = 0.00<0.05)

بەڵگەداری ئامارییان هەیە و دڵەڕاوکێی کار و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بە ئاستی ڕێژەی (0.44) پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.

بوونی پەیوەندی لەنێوان ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکیی داهاتوو و ئاراستە بەرەو کۆچکردن، لەوانەیە بۆ خودی ئاسایشی دەروونی بگەڕێتەوە، چونکە کاتێک ژینگەی دەروونی و کۆمەڵایەتیی تاک وەکو هەڕەشە لەسەر ژیانی تاک دەردەکەوێت و تاک ناتوانێت دڵنیابێت لە داهاتووی خۆی و هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئەنجامی نەبوونی ئاسایشێکی تەواوی دەروونی ڕوانگەیەکی دڵنیاکەرەوەی بۆ داهاتووی نەبێت ئەوا تووشی دڵەڕاوکێی داهاتوو دەبێت (سليمان والشرعة، ٢٠١٩، ص. ٤٢٢). لەلایەکی دیکەشەوە، فەتاحی پێیوایە کە نەبوونی ئاسایشی دەروونی و نادڵنیایی لە داهاتووی تاک، هۆکارێکی سەرەکییە کە بیر لە کۆچکردن بکرێتەوە، چونکە کاتێک مرۆڤ هەستی بەوە کرد، کە ناتوانێت سەقامگیریی دەروونی لە ژینگەیەکدا بەدەستبهێنێت و هەمیشە لە دڵەڕاوکێی ئەوەدابێت دەکرێت لە هەر دۆخێکدا تووشی هەڕەشە ببێت ئەوا وا دەکات کە تاک بیر لە جێهێشتن و کۆچکردن بکاتەوە (فەتاحی، ٢٠١٢، لا. ٥٩). لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکانی پێشوو وەکو توێژینەوەی (هاني، ٢٠١٦) ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە لە توێژینەوەکەیدا پەیوەندی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و دڵەڕاوکێی داهاتوو بەڵگەداری ئامارییە، هەروەها توێژینەوەی (ابو جراد، ٢٠١٩) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە پەیوەندی لە نێوان ئاسایشی دەروونی و ئاراستە بەرەو کۆچ بەڵگەداری ئامارییە و توێژینەوەی (Aglipay & Colman, 2012)، ئەوەی پشتڕاستکردۆتەوە کە دڵەڕوکێ پەیوەندی بە ئاراستە بەرانبەر بە کۆچک بەڵگەداری ئامارییە.

**ڕاسپاردەکان:**

پاڵپشت بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەران چەند ڕاسپاردەیەکیان ئاراستەی لایەنە بەرپرسەکان کردووە کە بریتین لە:

هەوڵدانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتیی زانکۆکان بۆ دروستکردنی دۆخێکی ئارام بۆ قوتابییانی زانکۆ بۆ ئەوەی هەست بە سەقامگیریی دەروونی بکەن و ئەو دۆخانەی دەبنە هۆی ناسەقامگیری دەروونی لابدرێن بۆ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن و بیرکردنەوەی نەرێنی لەبارەی داهاتوویان.

هەوڵبدرێت لە لایەن سەرۆکایەتیی زانکۆ کەوا کەشێکی ئارام بخوڵقێنن لە ناو زانکۆ لە ڕووی ئەمنی و دەروونییەوە، تا قوتابییان بتوانن بە ئارامی و بەو پەری هێزەوە لە پرۆسەی خوێندن بەشدار بن و بتوانن دەستکەوت بەدەستبهێنن لە زانکۆ.

هەوڵبدرێت لەلایەن بەشە جیاوازەکانی زانکۆکانەوە لە ڕێگەی کۆڕ و سیمینارەوە ڕوانگەیەکی ئەرێنی لەبارەی داهاتوو لەلای قوتابییان دروستبکرێت.

هەوڵدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار کە ببێتە هۆی ئەوەی قوتابییان بیر لە کۆچکردن نەکەنەوە و ئەو هێزەی کارەی هەیانە لە وڵات بەگەڕیبخەن.

## پێشنیازەکان:

توێژەران چەند پێشنیارێک دەخەنە بەردەم توێژەرانی تر تا لە داهاتوودا هەوڵبدەیت توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێت کە بریتین لە:

ئەنجامدانی توێژینەوەیەک کە هەر سێ گۆڕاوی ئاسایشی دەروونی، دڵەڕاوکێی داهاتوو و ئاراستە بەرانبەر بە کۆچکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان لە گشت زانکۆکانی کوردستان لەخۆبگرێت.

ئەنجامدانی توێژینەوە کە تێیدا ئاسایشی دەروونی پەیوەستبکرێت بە هەوڵی خۆکوشتنەوە لەلای ئافرەتان.

ئەنجامدانی توێژینەوە، کە تێیدا دڵەڕاکێی داهاتوو پەیوەست بکرێت بە فشاری دەروونییەوە لەلای گەنجان.

ئەنجامدانی توێژینەوە کە تێیدا ئاراستە بەرانبەر کۆچکردن پەیوەستبکرێت بە ئەمەلەوە لەلای گەنجان.

## لیستی سەرچاوەکان:

### لیستی سەرچاوە کوردییەکان:


- بۆکانی، سابیر. (٢٠٠٦). لە نێوان هەست و نەستدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی.
- مستەفا، یوسف حەمەساڵح. (٢٠١٩). کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
- بەرواری، خالد میکائیل. (٢٠١٩). تیۆرییێن کەسایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەهران، لە بڵاوکراوەکانی پەرتووکخانا خانی_ دهۆک.
- عزیز، احمد عزالدین. (٢٠٢٠) سایکۆلۆژیای ئەرێنی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندنی فێربوون_ هەولێر.
- فەتاحی، نەبی. (٢٠١٢) خەمۆکی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج_ سلێمانی.
- حەکیم، موراد (٢٠٢١). کۆچ، کوردستان و بیلاڕووسیا، گۆڤاری ئاژین، ژمارە ١، زانکۆی سۆران_ سۆران.
- شاملۆ، سەعید، قوتابخانەو تیۆریەکانی دەروونزانی کەسایەتی، چ١، چاپخانەی ڕێنما، سلێمانی، ٢٠١٠


### لستی سەرچاوە عەرەبییەکان:


- أقراع، إیاد محمد نادي، ٢٠٠٥، الشعور بالأمن النفسي و تأثره ببعض المتغيرات لدی طلبة جامعة النجاح الوطنية، جامعة النجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا، فلسطين.

- جبر، حسين عبيد،(٢٠١٥)، الأمن النفسي و علاقته ببعضهوم القلق لدى طلبة كلية الفنون الجميلة، جامعة بابل، مجلة جامعة بابل_ العلوم الأنيسائية، المجلد ٢٣، العدد ١٣، ٢٠١٥.

- الجمعان، سناء عبدالزهرة و نور جمعة مرزوق اليعقوب، (٢٠١٩)، الشعور باليأس وعلاقته باتجاه نحو الهجرة لدى طلبة الجامعة، جامعة البصرة، كلية التربية للعلوم الإنسانية، قسم الارشاد النفسي التربوي، العراق.

- الحسن، نسرين على عبد، خلودرحيم عصفور، (٢٠١٨)، الاتجاه نحو الهجرة لدى طلبة الجامعة، جامعة بغداد/ كلية التربية للبنات/ قسم العلوم النفسية و التربوية، مجلة كلية التربية للبنات،المجلد(٢) ٢٠١٨، بغداد.

- خطاب، محمد شفيق محمود، (٢٠١٧)، الأمن النفسي و تأثيره على الأبناء، جامعة المنصور، المجلة العلمية، كلية رياض الأطفال، المجلد الرابع، العدد الأول، يوليو٢٠١٧.

- خليل، عوض شحادة، (٢٠٠٨). استراتيجات التعامل مع الضغوط النفسية، لدي خريجي الجامعات العاطلين عن العمل، وعلاقتها ببعض المتفيرات، دراسة مقارنة بين الراغبين و غير الراغبين في الهجرة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الأزهر- غزة.

- مصطفى، يوسف حمه صالح، (٢٠١٩)، الاغتراب النفسي و علاقته بالاتجاهات نحو الهجرة لدى شباب الكورد، كلية التربية، جامعة صلاالدين، اربيل.

- أوشاطر، مصطفى،(٢٠٠٢)، الاتجاهات النظرية الحديثة لتفسير الأسطوره في قياس أنثربولوجيا الهجرة. جامعة تلمسان، كلية التربية، قسم علم النفس، الجزائر

- مشاور، سعدالدين،(٢٠١٨)، تطورمفهوم الهجرة: من ظاهرة سوسيو_ اقتصادية إلى ظاهرة أمنية، جامعة وهران٢، محمد بن أحمد، كلية التربية. دراسات العليا، الجزائر.

- بولعسل، رميسة،(٢٠١٤)، قلق المستقبل وعلاقته بالتوافق النفسي لدى الطلبة المقبلين على التخرج، جامعة العربي بن مهيدي_ ام البواقي، كلية العلوم الإنسانية و الاجتماعية، قسم العلوم الإجتماعية، الجزائر.

- خويطر، وفاء (٢٠١٠)، الامن النفسي و الشعور بالوحدة النفسية لدى المراء الفلسطينية(المطلقة و الارملة) و علاقتها ببعض المتغيرات، رسالة ماجيستر(غير منشورة) الجامعة الاسلامية، غزة_ فلسطين.

- ذهبية، حسين (٢٠١٢)، قلق المستقبيل لدى الفتاة العانس وعلاقته بالتوافق النفسي الاجتماعي، جامعة الجزائر٢، كيلة العلوم الإنسانيةوالاجتماعية، قسم علم النفس وعلوم التربيةوالأرطوفونيا، جزائر.

- الرشدي، بنيان باني دغش القلادي،(٢٠١٧)، قلق المستقبل والفاعلية الذاتية لدى طلبة كلية المجتمع في جامعة حائل في ضوء بعض المتغيرات، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: ١٧٤_ الجزء الثاني_ يوليو السنة ٢٠١٧، المصر.

- زايد، سهام عربيي،(٢٠٠٢)، الأمن النفسي ودافعية الإنجاز، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم علم النفس.

- زايد، فاطيمة عبدالله محمد،(٢٠١٤)، قلق المستقبل لدى الشباب بالمرحلة الجامعية في ضوء بعض المتغيرات، جامعة بنغازي، كلية الآداب و العلوم، قسم علم النفس، ليبيا.

- سامي، الماس اياد،(٢٠١٩)، الامن النفسي لدى طالبات كلية التربية للبنات، جامعة القادسية، كلية التربية للبنات، قسم الارشاد النفسي والتوجيه التربوي.

- السبعاوي، فضيله عرفان محمد، (٢٠٠٧) قلق المستقبل لدى طلبة التربية و علاقته بالجنس و التخصص الدراسي، جامعة_الموصل،_كلية_التربية،_مجلة التربية العلم_المجلد(١٥) العدد(٢) لسنة٢٠٠٨، الموصل.

- السبعاوي، فضيله عرفان محمد، (٢٠٠٨) قلق المستقبل لدى طلبة كلية التربية و علاقته بالبعض المتغيرات، جاميعة الموصل، كلية التربية للعلوم الإنسانية، مجله علمية البحوث التربوية و الإنسانية، الحدد المجلة ١٥، العد ٢، ٣٠ حزيران ٢٠٠٨.

- سعد،علي (١٩٩٩) : مستويات الأمن النفسي لدى الشباب الجامعي (بحث ميداني حضاري مقارن)، مجلة جامعة دمشق، مجلد (١٥) العدد (١)، دمشق.

- سعيد، سامي سلامة،(٢٠١٢) الرضا عن الواقع و مستوى الطموح و علاقتهما بالاتجاه نحو الهجرة لدى العاملين و غير العاملين من خريجي الجامعات، كلية التربية، قسم علم النفس، جامعة الأزهر-غزة،٢٠١٢.

- سلهب، سامي عبدالفتاح،(٢٠١٧)، إدراك طلبة الجامعات الفلسطينية لدور المرشد النفسي و علاقته ببعض المتغيرات، الجامعة الإسلامية_غزة، كلية التربية، قسم علم النفس. فلسطين.

- سليمان، محمد راجح الشرعة، حسين سالم،(٢٠١٨)، مستوى الإحساس بالأمن النفسي وقلق المستقبل لدى عينة من الأسرى الفلسطينيين المحررين من السجون الإسرائيلية في محافظة رام الله و البيرة، IUG Journal of Educational and Psychology Sciences (Islamic University of Gaza) / CC BY 4.0.

- شقير، زينب، (٢٠٠٥)، مقياس قلق المستقبل، (ط١)، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية

- شلهوب، دعاء جهاد، ٢٠١٦، قلق المستقبل و علاقتة بالصلابة النفسية، جامعة ديمشق، كلية التربية، قسم علم النفس، ديمشق – سوريا.

- عبدالله، مهنا بشير، ٢٠٠٩، الأمن الانفسي وعلاقته بالتوافق النفسي و الاجتماعي لدى طلاب معهد أعداد المعلمين/ نينوي، مجلة التربية والعلم، المجلد (١٧)، العدد (٣) لسنة ٢٠٠٩.

- عبود، احمد اسماعيل. (٢٠١٦). اتجاه طلبة الجامعة نحو الهجرة خارج الوطن، دراسة ميدانية، مجلة الفتح، العدد ٦٨، جامعة بغداد، كلية التربية للبنات.

- العبيدي، مظهرعبدالكريم و عدنان حسين الساعدي، (٢٠١٥)، التعلق الآمن و علاقته بالتفاعل الاجتماعي لدى تلاميذ المرحلة الابتدائية، جامعة ديالى، كلية التربية للعلوم الإنسانية، باقوبه.

- العنزي، خالد،(٢٠١٠)، إدراك القبول و الرفض الوالدي و الأفكار اللاعقلانية و قلق المستقبل لدى عنية  من طلاب الجامعة الحدود الشمالية، رسالة ماجستر، جامعة أم القرى، السعودية.

- الكريديس، ريم سالم علي،(٢٠١٥)، قلق المستقبل وعلاقته بالرضا عن الحياة لدى طالبات جامعة الأميرة نورة بنت عبدالرحمان، مجلة الإرشاد النفسي، مركز الإرشاد النفسي،العدد٤٢،ج٣، ابريل٢٠١٥، سعودية.

- ليلى، زرقان،(٢٠١٨)، اتجاهات الشباب الجامعي نحو ظاهرة الهجرة (الشرعية وغير الشرعية) دراسة ميدانية بجامعة سطيف ٢، مجلة العلوم الاجتماعية: العدد السابع_ كانون الأول_ ديسمبر(٢٠١٨)، وهي مجلة دولية محكمة تصدر عن المركز الديمقراطي العربي المانيا_ برلين.

- محمد، هبة مؤيد، (٢٠١٠)، قلقل المستقبل عند الشباب و علاقتة ببعض المتغيرات، مركز الدراسات التربوية و الأنعاث النفسية، مجلة البحوث التربية النفسية، العدد السادس و العشرون و السابع و العشرون.

- نظمي، فارس كمال عمر،(٢٠٠٦)، اتجاهات طلبةالجامعة نحو الهجرة إلى خارج الوطن و علاقتها بقيمهم، جامعة بغداد، كلية الآداب، قسم علم النفس.

- نورالدين، بلقاسم، (٢٠١٧)، الأمن النفسي و علاقته بالدافعية الإنجاز، كلية العلوم الاجتماعية و الإنسانية، شعبة علم النفس، جامعة عبدالحميد بن باديس، الجزائر.

- هاني، أحمد فخري، (٢٠١٦)، الأمن النفسي وعلاقتة بقلق المستقبل لدى عنية من  المراهقين من ساكنى منطقتى (رابعة العدوية- النضة)،

جامعة عين شمس، معهد العلوم الإنسانية – معهد الدراسات و البحوث البيئية، المصر.

### سەرچاوە ئنگليزييەكان:

- Bukhari, S. A. (2021) Sample size determination Using Krejcie Morgan Table.https://www.researchgate.net/publication/348540699_Bukhari_Sample_Size_Calculator_2020

- Taherdiist, H. (2016) Validity and reliability of the research Instrument, How Test the Validation of a Questionnaire/Survey in a Research. International Journal of Academic Research in Management (IJARM) Vol. 5, No. 3, 2016, Page: 28-36, ISSN: 2296-1747 © Helvetic Editions LTD, Switzerland, file:///C:/Users/Hi%20Tech/Downloads/SSRN-id3205040.pdf , http://elvedit.com/

- Samuels, P.(2014) Pearson Correlation, file:///C:/Users/Hi%20Tech/Downloads/PearsonCorrelation.pdf. https://www.researchgate.net/publication/274635640_Pearson_Correlation?enrichId=rgreq-def7779a71779a7e9e0614b43554350f.

- Kirmayer, Laurence & Young, Allan & Hayton, Barbara. (1995). The Cultural Context of Anxiety Disorders. The Psychiatric clinics of North America. 18. 503-21. 10.1016/S0193-953X(18)30037-6

**الملخص**

الهدف الأساسي من هذا البحث معرفة مستوى كل من المتغيرات الأمن النفسي، قلق المستقبل، والإتجاه نحو الهجرةز وكذلك معرفة العلاقة بين هذه المتغيرات الثلاثة، ويتكون مجتمع البحث من طلبة جامعة سورانو والعينة المختارة في هذا البحث عبارة عن (٥٣٢) طلبة. أما عن المنهج فقد أعتمد الباحثان على المنهج الوصفي والكمي في البحث الحالي، وإستخدام برنامج (SPSS) لإستخراج البيانات وتحليلها.

وقد أظهرت نتائج هذا البحث بأن نسبة الأمن النفسي والقلق من المستقبل عند العينة المختارة منخفضة، في المقابل أظهرت نتائج البحث بأن العينة المختارة لديهم إتجاه ضعيف نحو الهجرة، مع ذلك أثبتت النتائج بوجود العلاقة بين متغيرات البحث (الأمن النفسي، قلق المستقبل والإتجاه نحو الهجرة)، وفي نهاية البحث وبناءا على ماتوصل اليه البحث من نتائج قدم الباحثان مجموعة من التوصيات والمقترحات للجهات المختصة.

الكلمات المفتاحية: الأمن النفسي، قلق المستقبل، الإتجاه نحو الهجرة.

**Abstract**

The main objective of the current study is to determine the levels of each of the variables of psychological security, future anxiety and orientation towards migration, as well as to determine the relationship between these three variables. The study population of this research is the soran university students which contain 532 as target population. For the purpose of collecting data, descriptive and quantitative methods were used to collect the data and the data were extracted and analyzed through SPSS programme. The results of this study showed that psychological security was low among the study sample, and the study sample felt low levels of future anxiety. In contrast, the results of the current suggest that the study sample orientation toward migration is statistically observed However The study samples low-level direction further oriented towards the migration the results suggest that the relationship between psychological security variables and future anxiety and orientation toward migration is statistically shown. At the end, the researcher suggested some recommendations and suggestions to those who are concern with related findings.

Keywords:Psychological s*ecurity, future anxiety, orientation toward migration.*